DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi12.3

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پەیوەندیی فرەکولتووریی بە ناسنامەوە
# توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان دا

پ.ي.د. عبدالمجيد غفور ابراهيم

بەشی کۆمەڵناسیی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

alkurdy_20@yahoo.com

جبار قادر احمد - خوێندکاری دکتۆرا

بەشی کۆمەڵناسیی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

jabarqader79@gmail.com

**پێشەکیی:**

کۆمەڵگە فرەکولتوورەکان؛ چەندین کولتوور و ئایین و نەتەوەیی جیاواز لەخۆدەگرن، کە پاراستن و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن، زامنی بەردەوامبوون و پێشکەوتن و سەقامگیریی کۆمەڵگەکانە. فرەکولتووریی گوزارشتە لەسەر سیاسەتی ناساندن و دیاریکردنی پێگە و یەکسانیی و پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن بە کولتوور و ئایین و نەتەوە جیاوازەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی شکۆ و دانپێدانان بە هەمووان بەشێوەیەکی یەکسان بنەما و چوارچێوەی پەرەپێدانی کۆمەڵگە فرەکولتوورییەکانە، بەڵام ناسنامەیەکی گشتیی، یان نیشتیمانیی هەموو ئەم جیاوازییانە لە فۆرمێکی نوێدا کۆدەکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دۆخی فرەکولتووریی و باسکردنی پێویستیی هەبوونی ناسنامەیەکی نیشتیمانییە. هەروەها زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان جۆری ناسنامەکان و کاریگەرییان لەسەر تاك و گرووپەکان لە روانگەی بابەتی پێکەوەژیانەوە. لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتووینەتە ئەوەی کە بەپێی ئەم دەرئەنجامانە بێت، ناسنامەی ئایینی بە پلەی یەکەم و نەتەوەیی بە پلەی دووەم بە قووڵیی کاریگەریی لەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەیە، لەلایەکی تریشەوە شانازییکردن بە ناسنامەی نەتەوەیی تا ئێستاش بە بەهێزیی دەبیندرێت. بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان؛ کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیی و بەرجەستەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بە زۆرترین هۆکار دەزانرێت بۆ دروستبوونی ناسنامەی نیشتیمانی. هەروەها ویستی بوون و چەسپاندنی زمانێکی یەکگرتوو لە کوردستان دا بە بەهێزیی دەزانرێت، بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بونیادنانی ناسنامەی نیشتیمانییش دەزانرێت. بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر نیگەرانن سەبارەت بە قەڵاچۆکردنی (لەناوبردن و جینۆساید) ی ئێزیدییەکان لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام. لە لایەکی ترەوە باوەڕبوون بە پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان بە بەهێزیی دەبینرێت، بەڵام تێکەڵبوونی کولتووریی بە بەهێزی نابینرێت. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی تێکەڵاو و شیکردنەوەی سێکوچکەیی بەکارهاتووە، کە تیایدا زانیارییە چۆنایەتییەکان پاڵپشتی داتا چەندایەتییەکان دەکات.

**کلیلە وشەکان: فرەکولتووریی، ناسنامە، ناسنامەی نیشتیمانی، پێکەوەژیان و هاوبەندیی کۆمەڵایەتیی.**

Recieved: 16/12/2021
Accepted: 13/1/2022

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

فرەکولتووریی چەندین بابەتێکی ناوەخنی بەهێز لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە هەبوونی چەندین کولتوور و ئایین و نەتەوەی جیاجیا کە گفتوگۆی هاوچەرخی بەرفراوانی لێدەکەوێتەوە، پەیوەست بە پارێزگاریی لە کولتوورە جیاوازەکان، سیاسەتی زمان، مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، ئازادی ئایین، سیاسەتی پەروەردە، مافی پەنابەران و رێکارە یاساییەکانیان، پێکەوەژیان و یەکترقبووڵکردن، پاراستنی شکۆی تاك و گرووپەکان، دانپێدانان بە هەموو گرووپ و ئێتنیك و کۆمەڵگە جیاجیاکان بەشێوەی یەکسان دەگرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا؛ بە وردیی باس لە پێکهاتەی فرەکولتووریی لە هەرێمی کوردستان دا کراوە، بەجۆرێك گرنگیی و پێویستیبوونی ناسنامەیەکی نیشتیمانیی خراوەتەڕوو بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی جیاوازییەکان، هەروەها باسمان لە کاریگەریی ناسنامەکان لەسەر تاك و گرووپ کردووەتەوە، بەتایبەتتر ناسنامەی ئایینیی و نەتەوەیی کە بە بەهێزیی کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان کردووە. کولتوور کاریگەریی بەهێزی لەسەر ژیانی تاك و گرووپە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەیە، بەشێوەیەك کە کۆی رێورەسمە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێك لە رێورەسمە ئایینی و نەتەوەییەکانیش لەژێر کاریگەریی هەژموونی کولتوورە گشتییەکەدایە. لە هەرێمی کوردستان دا چەندین کولتووری جیاجیا و وردەکولتوور هەیە، بەڵام ئەم کولتوورانە بەشێوەیەکی قووڵ تێکەڵ بە یەکتر نەبوون و بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی خۆیان پاراستووە، ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، لەوانەیە کاریگەریی کولتووریی زۆرینە لە سنوورێك بەسەر کولتوورەکانی تر لە بوارەکانی (شێوازی ژیان، جل و بەرگ، خواردن) بەهێز بوویێت و ئەوانیش پەسەندیان کردبێت، لە هەندێك سنووری تردا بەپێچەوانەوە جۆرێك لە خۆپارێزیی و پارێزگاریی بەهێز دەبینرێت.

لە رێی فۆرمی راپرسییەوە، کە ٥٣٢ فۆرمە لە تەمەن و ناوچە و نەتەوە و ئایینی جیاوازدا بەشێوەی هەڕەمەکیی بەشداریی بکەن، دواتر بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەشێك لە هاووڵاتیان و بەشێك لە دەستەبژێری کۆمەڵگە ئەنجامداوە، تیایدا دەرکەوتووە کە کولتوور و ئایین و نەتەوەی جیاواز هەن و پێکەوە دەژین، بەڵام پێویستی بە قووڵبوونەوە و تێکەڵبوونی نێوان کولتوورە جیاجیاکان دەکات، بەشێوەیەك کە رەنگدانەوەیەکی کرداریی لە بونیادنانی ناسنامەیەکی نیشتیمانییدا هەبێت.

## تەوەرەکانی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

### کێشەی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە چ پەیوەندییەك لە نێوان فرەکولتووریی و ناسنامەدا هەیە؟ هەروەها پرسیارە لاوەکییەکەشمان بریتییە لەوەی کە رەهەندەکانی ناسنامە و فرەکولتووریی چ کاریگەرییەکان لەسەر تاك و گرووپەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان هەیە؟ لە هەرێمی کوردستان دا بنەماکانی بونیادنانی ناسنامەی نیشتیمانی چین؟ ئایا پرۆسەی پەروەردە، کاریگەریی قووڵی لە گەشەپێدانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییدا هەیە؟

## گرنگیی توێژینەوەكە

كۆمەڵگـەی توێژینـەوە چەندیـن نەتـەوە و ئایـن و گرووپـی جیاجیـای كۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی پێكهاتـووە، تـا ئێسـتاش چەندیـن جـۆری ناسـنامە و شـوناسی تایبـەت كـە پەیوەسـتە بـە بنەمـای كەسـیی، یـان خزمایەتیـی و كۆمەڵایەتیـی و ئایینیـی هـەن، هەریەكەیـان بـە پێـی جـۆری ناوچـە و كولتووریـی و كۆمەڵایەتیـی، یـان ئاییـن جیـاوازن، زۆرجـار ناسـنامەی ئایینـی، یـان كۆمەڵایەتیـی زۆر كاریگەرتـر و بەهێزتـرە لـە ناسـنامەكانی تـرە. دۆخـی فـرە كولتووریـی لـە هەرێمـی كوردسـتان پێویسـتە زیاتـر بایەخـی پێبدرێـت و ناسـنامەیەكی نیشـتیمانیی هەمـووان بـە جیاوازییـە كولتووریـی و ئایینیـی و سیاسـییەوە كۆبكاتـەوە، ئەمـەش لەپێنـاو دەسـتەبەركردنی ناسـنامەیەكی نیشـتیمانییدا. لەگـەڵ ئەوەشـدا، دیـاردەكانی گەندەڵیـی و نادادپەروەریـی و لاوازی بەرپرسـیاریەتیی نیشـتیمانیی ئاریشـەی قورسـن لەنـاو كۆمەڵگـەدا، كـە دەكـرێ هەموومـان هەوڵەكانمـان بخەینەگـەڕ لـە پێنـاو بنەبڕكـردن یـان نەهێشـتنی. ئـەم جـۆرە توێژینەوانـە بـۆ سـتراتیژی ئاینـدەی هەرێمـی كوردسـتان گرنگـن، كـە تاوەكـو ئێسـتا توێژینـەوەی فـراوانی لەبـارەوە نەكـراوە.

هەروەهـا لـەڕووی زانستییشـەوە، ئـەم جـۆرە توێژینەوانـە دەتوانێـت رێچكەیـەكی بـاش و نـوێ لـە كۆمەڵناسـیی و ئەنترۆپۆلۆژییـدا بكاتـەوە، كـە لـە بـواری پرسـەكانی پەیوەسـت بـە فرەكولتووریـی و ناسـنامە، توێژینـەوەی هەمەلایـەن و زانسـتییانە كەمـە و بـە بەردەوامیـش بەشـێك لـە بەهاكانیـش لـە گۆڕانـدان، لەگـەڵ ئەمەشـدا ناسـنامەیەكی نیشـتیمانیی پێویسـتە بـۆ كۆكردنـەوەی جیاوازییـەكان، كـە بنەمـاكانی لەسـەر بەرپرسـیاریەتیی نیشـتیمانیی و حوكمڕانیـی باشـتر و لێبووردەیـی و یەكترقبوڵكـردن و هوشـیاریی هەسـتی نیشـتیمانپەروەریی بونیادنـراون.

## ئامانجی توێژینەوەكە

ئامانجـی سـەرەكی ئـەم توێژینەوەیـە، خسـتنەڕووی دۆخـی فرەكولتـووری و باسـكردنی پێویسـتی بـە هەبوونـی ناسـنامەی نیشـتیمانییە. لەگـەڵ ئەمەشـدا ئامانجـەكان لـە چەنـد خاڵێكـدا دەخەینـەڕوو:

هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی دۆخی فرەكولتووریی و ناسنامەیە لە باشووری كوردستان دا.

رەهەند و كاریگەرییەكانی فرەكولتووریی لە دیاریكردنی ناسنامەی نیشتیمانیی هاووڵاتیان.

ئاسـت و جـۆری هەبـوونی چەندیـن ناسـنامەی جیاجیـا، وەكـو ناسـنامەی كۆمەڵایەتیـی و كولتووریـی و ئایینیـی و نەتەوەیـی (ئـەم جـۆرە ناسـنامەیە زۆربـەی كات چاوەڕواندەكرێـت گۆڕانكاریـی بەسـەربێت) ، كـە هـەر یەكەیـان كاریگەریـی لەسـەر گرووپێـك دیاركـردووە، لـەم ناوەنـدەدا گرنگـە بزانـین رەهەنـد و كاریگەرییـەكانی لـە چ ئاسـت و جۆرێكـدا بەهێـزن.

زانینـی ئاسـتی جۆریـی و پەیوەندیـی نێـوان جـۆری ناسـنامەكان و كاریگەرییـان لەسـەر تـاك و گرووپـەكان لـە روانگـەی بابەتـی پێكەوەژیـان.

رەهەنـدەكانی فرەكولتووریـی لەسـەر ئاسـتی پێشخسـتنی كۆمەڵگـە و، رەخسـاندنی دەرفـەتی یەكسـان بـۆ گرووپـە كۆمەڵایەتیـی و ئایینیـی و سیاسـییەكان، كـە بەشـێوەیەكی دروسـت پیـادەی كار و ژیانیـان بكـەن.

## چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: فرەکولتووریی Multicultural:

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا تێگەیشتنی هەمەچەشن بۆ چەمکی فرەکولتووریی هەیە، چونکە ماناکانی فرەکولتووریی لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پانتاییەکی تر مانای جیاواز وەردەگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی چەمکی فرەکولتووریی بە دوو ڕێگا بەکاردێت و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت ئەوانیش: «یەکەمیان: بە مانایەکی کۆمەڵییانە، چونکە ئاماژەیە بۆ پێکەوەژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە، بە جیاوازیی سەرچاوە و نەژادیانەوە، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگە فرەکولتوورەکاندا هەیە. دووەمیان: بە واتای تاکەکەسییانە، چونکە وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە سەر بە کۆمەڵگەیەکن، گوتاری جیاواز و ناهاوچەشنیان هەیە، پاشان خاوەنی سامانی زمانەوانیی و ستراتیژیی کۆمەڵایەتیین بۆ شوێنکەوتن و هاوناسنامەبوون لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا و، ڕێگای جیاوازی بەکارهێنانی زمان. ناسنامەی کولتووریی کەسە فرەکولتوورەکان هەمان ناسنامەی کولتووریی کەسانی خاوەن زمانی فرەزار نییە، بەڵکو لە زنجیرەیەک ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی پێکدێت، یان لەو شتەی کە ناوی دەنێین «دۆخەکانی تاک»، کە لە کۆمەڵگەیەکدا بە گوێرەی ئەو بەستێن (سیاق)ی کارلێکەی کە خۆیانی تێدا دەبیننەوە جێبەجێ دەکرێت» (Benhabib,٢٠٠٢:١٠٧). بەم جۆرە لەگەڵ زۆریی مشتومڕەکاندا پێویستە بانگ بۆ پێویستیی ئەفراندنی بەستێنێک بدەن کە کولتوورەکان تێیدا کارلێک بکەن و کەناڵی پەیوەندیی و دەستاوەدستکردن لەنێوانیاندا بکرێتەوە، بەڵام بە بێ داماڵینی تایبەتمەندیی کولتووریی هەر ناسنامەیەك، ئەمەیش لە سایەی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی دروستبوون و پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە سایەی فرەکولتووریيدا دەژین.

«چەمکی فرە،کولتووریی بۆ یەکەمجار لە کەنەدا لەساڵی (١٩٧١) دا ناسێنرا، وەکو بەشێک لە سیاسەتی حکوومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەردوو کۆمەڵگە سەرەکییەکەی وڵاتەکەی، کە بریتیبوون لە نیشتەجێبووە ئینگلیزیی قسەکەرەکان و بەرانبەرەکانیان، کە ئەوانەی بە فەرەنسیی قسەیان دەکرد»(Benhabib,٢٠٠٢, Kymlica ١٩٩٨). «لەو کاتەوە ئەو چەمکە ڕووی نوێی وەرگرت و ئەمڕۆ لە تاوتوێکردنی پرسە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردەهێنرێ؛ لەوانە ڕەگەز، نەتەوە، گرووپەکان، توخم، کولتوور و بژاردەی سێکس. لەپاڵ ئەوانەشدا فرەکولتووریی وەکو پێکهاتە تیۆرییەکەی مەوداکانی لە ئامانج و چەمک و هەڵسوکەوت و ستراتیژیی لە بەهاکاندا کۆدەبێتەوە»(Kincheloe and Stenberg ١٩٩٧,١). یاخود بەشێوەیەکی تری دەکرێ بڵێین؛ فرەکولتووری بریتییە «لە چەمکێکی فرەڕوویی کە بۆ پێناسەکردنێکی ورد، پێویستی بە پاڵپشتییەکی بەهێز هەیە، لەو بارەیەوە تیۆریستێك بەناوی هۆم (homibhabha) پێیوایە ئەرکی فرەکولتووریی وەکو هێمایەکی جووڵاو (داینامیکی) دەبینی، کە مانا و توانای ستراتیژیی لە چوارچێوە وەرگیراوەکەوە دەدۆزێتەوە» (Benhabib, ٢٠١١, ١١٩).

## پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی فرەکولتووریی

فرەکولتووریی بریتییە لە بوونی چەندین کولتوور و ئێتنیك و وردەکولتوور و گرووپی جیاجیا لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە نەتەوە و ئاین و زمان و ناسنامە و نەریتی جیاجیا لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك کە ناسنامەیەکی نیشتیمانیی هۆکارە بۆ کۆکردنەوە و پارێزگارییکردن و پاراستنی هەموو جیاوازییەکان.

دووەم: ناسنامە Identity

ناسنامە ڕوویەکی بابەتیانەی هەیە. لەزانستی کۆمەڵایەتییدا تێڕوانینی (مید)George Herbert Meadی

کۆمەڵناس، گفتوگۆی لەسەر ئەوە کردووە کە ناسنامەی مرۆیی لە رێگای وەرگرتنی هەڵسوکەوتی ئەوانیترەوە دەرهاویشتەیەکە لە گفتوگۆی سێ رووی نێوان من، خودی من، یان خۆم و بەگشتی ئەوانی تر. (Mead، ١٩٦٤:١٢٢). زۆریش پێیانوابوو رەخنە لە تێڕوانینی (مید) بگرن لەسەر بە کەم بایەخگرتنی رۆڵی دەسەڵات و کولتوور لە یارمەتیدانی ناسنامەدا، چونکە هەندێ کۆمەڵناس بونیادی ناسنامە لە چوارچێوەی کولتووری سیاسیی و ناسنامەدا دەبیننەوە. (فرانسیس فۆکۆیاما) پێیوایە دەستەواژەی (ناسنامە) و (سیاسەتی ناسنامە) زاراوەی زۆر کۆن نین، یەکەمیان پسپۆڕی دەروونناسیی ئیریك ئیریکسۆن Erik Erikson لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەکاریهێناوە و بڵاوبووەتەوە، ئەوەی دووەمیان لە میانی مشتومڕ (دیبەیت) لەسەر بابەتی سیاسەتی کولتووریی لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سەریهەڵدا. (فۆکۆیاما،٢٠١٩ :٢٩ -٣٠). ئەگەرچی زۆربەی تیۆریستەکانی ناسنامە، لەسەر ئەم دوو مانایەی ناسنامە کۆدەنگییان هەیە، بەڵام هێشتا لەسەر بەکارهێنانی ئەو مانایانە نەگەیشتوونەتە رێکەوتنێك. «زۆربەی دەروونناسان و تیۆریستەکان کەسایەتیی بە شتێکی تاکەکەسیی و کەسێتی دەزانن و رایان وایە کە دوو مانا و لایەنە سەرەکییەکانی ناسنامە گرێدراوی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی و هەستی تاکن. دیارە زۆربەی ئەم دەستەیە لە تیۆریستەکان، نکوولّیی لە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی ناکەن، بەڵکو ئەم دوو ناسنامە بە جیاواز و سەربەخۆ لە یەکتری لە قەڵەم دەدەن. بەهەرحاڵ لەم روانگەیەوە ناسنامە بریتییە لە «هەستکردن بە جیاوازیی کەسێتیی، هەستی بەردەوامیی کەسێتیی و هەستی سەربەخۆیی کەسێتیی»(Jacobson,١٩٩٨:٩).

بەڵام دەروونناسانی کۆمەڵایەتیی و کۆمەڵناسان دەیانەوێ لەسەر ئەم راستییە پێداگیربن، کە هەستی ناسنامەی تاکەکەسیی لە رێی دیالێکتیکی نێوان تاك و کۆمەڵگەوە پێکدێ. ئەوان کەم تا زۆر قبووڵدەکەن ناسنامە زۆرتر لە روانیین و هەستی تاکەکان دا رەنگدەداتەوە، بەڵام لە بەستێنی پێکهاتنی ئەو ژیانی کۆمەڵایەتییەدا. ناسنامەی کۆمەڵایەتیی دەرکەوتوو لە ناسنامەدا، لە دەرەوەی دنیای کۆمەڵایەتیی تاکەکان مانایەکی نییە. تاکەکان بێهاوتان و لە گۆڕاندان، بەڵام کەسایەتیی بە تەواویی بەشێوەی کۆمەڵایەتیی و لە رێی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتییبوون و کردارە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێ (Jacobson, ١٩٩٨:٩- Jenkins, ١٩٩٦:٢٠).

«(تاجفێل) ناسنامەی کۆمەڵایەتیی بە ئەندامێتیی گرووپەوە دەبەستێتەوە و ئەندامێتیی گرووپیی بە پێکهاتووی سێ توخم دەزانێ، توخمی ناسیاریی (هوشیاریی لەوەی کە تاك سەر بە گرووپێکە)، توخمی بەهایی (گریمانەگەلێك سەبارەت بە دەرکەوتە بەهاییە ئەرێنی، یان نەرێنییەکانی ئەندامێتیی گرووپیی)، توخمی هەستەکیی (هەستی تاك سەبارەت بە گرووپ و سەبارەت بە کەسانی تر کە پێوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ ئەو گرووپە هەیە). بەم پێیە، ناسنامەی کۆمەڵایەتیی لە روانگەی تاجفێلەوە بریتییە لە خوێندنەوەی تاکێك بۆ خۆی، کە لە هوشیاریی ئەوەوە سەبارەت بە ئەندامێتیی لە گرووپی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ، سەرباری بایەخ و هەستێکی رێکخراو لە بەرانبەر ئەو ئەندامێتییەدا» (Tajfel ١٩٧٦:٦٣).

لەم روانگەیەوە ناسنامە چەمکێکە کە دنیای دەروونی، یان کەسێتی لەگەڵ فەزای گشتی فۆرمە کولتووریی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵدەکات و خەڵك لە رێگای ئەوانەوە سەبارەت بە رووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیان هوشیار دەبن، خەڵك دەڵێن کێن و گرنگتر لەمە بە خۆشیان دەڵێن کێن و دواتر هەوڵ دەدەن بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەن کە لەو کەسەی وێنای دەکەن هەن، چاوەڕوانی دەکرێ (Holland ١٩٩٨:٣-٦).

## پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی ناسنامە

بریتییە لە شکۆ و پارێزگاریی و بوونی مرۆڤ، بەشێوەیەك کە گرنگیی باوەڕ و بنەما و سەقامگیریی بۆ مرۆڤ دەگرێتەخۆی، بیرۆکەی ئادەمیزاد کە ناسنامەیەک، یان چەند ناسنامەیەکی هەبێت بۆ بوونی متمانە و باوەڕبەخۆبوون و شانازییکردن دەگەڕێتەوە، کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان هەیە، کە دوو مانای بەهێز دەگرێتەخۆی، یەکەمیان وەك یەکیی و یەك چەشنیی ڕەهایە. دووەمیان؛ لێکجیایی کە هەڵگری جێگیریی و بەردەوامییە لە درێژایی کاتی جیاجیادا. ئەگەرچی ئەم دوو مانایە دژوار و دژ بە یەك دێنەبەرچاو، بەڵام لەڕاستیدا گرێدراوی دوو لایەنی سەرەکیی و تەواوکەری ناسنامەن.

## تەوەری دووەم: پاشخانی (باکگراوند) تیۆرەکانی ناسنامە

تیۆرەکانی ناسنامە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییدا هەمەچشنە، بەڵام لەم توێژینەوەیە دا هەوڵ دەدەین تەنیا جەخت لەسەر دوو تیۆر بکەینەوە؛ ئەوانیش تیۆرەکانی (ئیریك هۆبزباوم) و (پیتەر ئەندرسۆن)، چونکە تایبەتمەندییەکانی تیۆرەکان لە ڕووی چەمك و دەستەواژە و بنەماکانی نزیکایەتیی لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆمان هەیە، سەرباری ئەوەش، هۆکارێکی تر بۆ بەکارهێنانی تەنیا ئەم دوو تیۆرە، بریتییە لەوەی کە ئەگەر تیۆری زیاترمان بەکاربهێنایە، جۆرە ئاڵۆزییەك لەم توێژینەوەیەمان دروست دەبوو.

یەکەم: تیۆری ئیریك هۆبزباوم Eric Hobsbawm:

(ئیریك هۆبزباوم) لە تیۆرە کۆمەڵایەتیی/مێژووییەکەیدا لەبارەی نیشتمانپەروەریی، کە بە تیۆری «داهێنانی نەریت «the invention of tradition ناسراوە (هوبزباوم، ١٩٩٩ :١٠٤)، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نەتەوەکان و دەوڵەتان بەرهەمی ئەو شتەن کە ئەو ناوی دەنێت «ئەندازەی کۆمەڵایەتیی»، ئەندازەیەك کە ئەم چەمکانەی وەکو نەتەوە و نیشتمانیی داهێناوە. نەریتە داهێنراوەکان بریتیین لە داب و نەریت و هێماکان (وەکو سروودی نیشتیمانیی، جەژنە نیتشیمانییەکان، ڕۆژی نیشتیمانیی، ئەفسانەکان، بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان)، ئەوانەی بە ڕێگەیەکی مەبەستدارانە لەپێناو فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی پاش-پیشەسازییدا بۆ سازکردنی هاوبەندیی و یەکێتیی داهێنراون. بە گوزارشتێکی تر، نەریتە داهێنراوەکان کەرەستەگەلێکن کە گرووپە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە چیتر گوێ بۆ شێوازە دیسپلینە نەریتیی و کۆنەکان نادەن، دروستیان کردوون (هوبزباوم، ١٩٩: ١٤٤).

چەمکی نەریتە داهێنراوەکان، بە بڕوای (هۆبزباوم)، ئەو چەمکە بێت کە نەتەوەکانی بە ناسنامە ناسراوەکانی خۆیانەوە هێناویانەتە هەبوون. هەروەها ئەم چەمکە پاڵنەری سەرەکیی بەرەو هاوبەندیی و سازانی بە کۆمەڵ و هاوکات لەلایەکی ترەوە پاڵنەری سەرەکیی بەرەو جیابوونەوە و پەرگیرییش لەخۆدەگرێت. بەلای (هۆبزباوم) ەوە گرووپە گەورەکانی خەڵك قوربانیی گرووپگەلێکی ترن، کە جیاوك (امتیازات)ە ئابووریی و سیاسییەکانیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵ کردوون. (هۆبزباوم) ئەوەیش زیاد دەکات کە گرووپە حوکمڕانەکان بە زۆری هەناوی مێژووی هەڵدەدەنەوە تاوەکو ڕەمزە کۆنەکانیان بژێننەوە و ڕەوایەتی فەرمانڕەواتیکردنی خەڵکانی تری پێ دابتاشن، بۆ نموونە هیتلەر ئەفسانەی ڕایشی زیندووکردەوە، ئیتاڵیایش هەندێ هونەری زیندووکردەوە کە سەردەمە دێرینەکان بوون، ئەمەیش لەپێناوی دووبارە یەکخستنەوەی تاکەکاندا بوو، لەناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی دا کە بە دەوڵەت/ نەتەوە ناسراوە.

**(هۆبزباوم) بەشێوەیەکی سەرەکیی ئاماژە بۆ سێ نموونەی نەریتە داهێنراوەکان دەکات، ئەوانیش:**

گەشەسەندنی فێرکردنی سەرەتایی.

داهێنانی جەژنە نیشتمانییەکان.

باڵەخانە و مۆنیۆمێنت و پەیکەرە یادەوەرییەکان.

لە رێی ئەم نەریتە داهێنراوانەوە، بەهای نوێ هێنرانەکایەوە لە پێناو دیسپلینی زیاتری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی لەسەر ئاستی تاکەکان. (هۆبزباوم) بوونی «نەتەوەکان» پێش دامەزراندنی «دەوڵەتان» هەر لە بنەماوە رەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەدات؛ کە ئەوە نەتەوەکان نین دەوڵەتان دەئەفرێنن، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە. (هوبزباوم،١٩٩٩: ١٠٥-١٣٢) دەکرێت تیۆرەکەی هۆبزباوم دەربارەی ناسنامەی نیشتمانیی بەم جۆرە کورتبکەینەوە:

مێژووی نەتەوەکان و ناسنامە نیشتمانییەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستپێدەکات و کۆنتر نییە.

نەتەوەکان و ناسنامە نیشتمانییەکان لە رۆژئاوادا بەرەنجامی پرۆسەی بە پیشەسازییکردن بوون .

سەردەمی نەتەوەکان و ناسیۆنالیزمەکان لەم کاتەی ئێستاماندا کۆتاییان پێهاتووە و، سەردەمی جیهانگیریی لەنێوچوونی ئەم جۆرە گرووپانە بەخۆیەوە دەبینێت.

تیۆرەکەی (هۆبزباوم) رووبەڕووی رەخنەی زۆر بۆتەوە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئەم تیۆرە پێیوایە تاکەکانی کۆمەڵگە تەنیا سوبێکت (خود)ی بێ کاریگەرن و دەستەبژێری فەرمانڕەوا کۆنترۆڵی کردوون، ئەمە لە کاتێکدا نەریتە داهێنراوەکان کە (هۆبزباوم) لەبارەیانەوە دەدوێت، ناشێت پێوەر یان کەرەستەی کاریگەریی دیسپلین بن ئەگەر بێتو لەلایەن خودی تاکەکانەوە قبوڵ نەکرێن. بە واتایەکی تر، نەریتە داهێنراوەکان لەڕاستیدا دانەهێنراون، بەڵکو ئەوانە بەجۆرێك لە جۆرەکان لای تاکەکانی کۆمەڵگە مانادارن بەرلەوەی گرووپە فەرمانڕەواکان پشتیوانییان لێ کردبن.

دەکرێت رەخنەی تر لە تیۆرەکەی (هۆبزباوم) ئەوەبێت کە ئەم تیۆرە، ئەگەر لە راڤەکردنی هاتنەکایەی ناسنامە نیشتمانییەکان لە دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت (کە لە رووی کولتووریی و مێژوویی‌یەوە زۆر کۆن نین)، ئەوا ناتوانێت شیکردنەوەی ناسنامە نیشتمانییەکان لای ئەو نەتەوانە بکات کە مێژوویی‌یەکی کۆنتریان هەیە، یان ئەو کۆمەڵگەگەلەی کە پابەندبوونیان بە نەریتە چەقبەستووەکانەوە هەیە، یان تاوەکو ئێستاش لەژێر هەژموونی چەوساندنەوەدان و سەربەخۆییان بەدەست نەهێنابێت، ئێمە بۆیە ئەم تیۆرەمان بەکارهێنا تا ئەم رەخنەیەی لەم تیۆرە دەگیرێت ئاخۆ بۆ کۆمەڵگەی خۆشمان راستە، ئەویش بەهۆی تاقیکردنەوەی لە رێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕووی ئەنجامەکانەوەیە.

دووەم: تیۆری پیتەر ئەندرسۆن:

(پیتەر ئەندرسۆن) لە بەستێنی تێزە ئەنترۆپۆلۆژییەکەیدا کە بەناوی «کۆمەڵە خەیاڵییەکان» ناسراوە، پێیوایە نەتەوەکان بوونێکی راستەقینەیان نییە هێندەی توانای تاکەکانە بۆ خەیاڵکردنە هاوبەشییەکانی نێوانیان. (ئەندرسۆن) ئاماژەدەدات بەوەی کە چاپ و بڵاوکردنەوە (یان میدیا بە گشتیی) و سیستەمی بیرۆکراتیی کارگێڕیی دەتوانن زمانێکی نووسراو بڵاوبکەنەوە، کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کەوا زمانی زاری رۆژانەیان (دیالێکت) هاوبەش نییە، لێی تێبگەن و لەنێوان خۆیاندا بەکاریبهێنن. (ئەندرسۆن) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زمانی نووسراو لای تاکەکانی کۆمەڵگە ئارەزووی یەکێتیی زیاتری هێناوەتە ئاراوە، کە ئەو ناوی دەنێت «ئاگایی

نەتەوەیی/ نیشتمانیی. ئەم ئاگاییە پێویستی بە کۆمەڵێك ڕێوشوێنە کە لە بنەڕەتدا خەیاڵیین، بەڵام هاوکارن لە هەستکردنی زیاتر بە شوناسی هاوبەش و هاوبەندیی و پێکەوەسازان (أندرسون، ٢٠٠٨: ٧٧). بۆ نموونە ئەفسانەی سەرهەڵدانی هەندێ کولتووری نەتەوەیی/ نیشتمانیی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرینی بەر لە مێژووی نووسین، لە کاتێکدا کولتووره نەتەوەیی/ نیشتمانییەکان تەنیا چەند سەدەیەکیان بەسەردا تێپەڕیوە. بۆ نموونە پاکستانییەکان دوودڵ نین لەوەی ریشەی نەژادی خۆیان -وەك نەتەوەیەکی خاوەن کولتوورێکی تایبەت- بگەڕێننەوە بۆ ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێکدا لە واقیعدا ئەستەمە توێژەرێك حەفتا ساڵ لەمەوپێش وێنای نەتەوەیەکی بە ناوی پاکستان کردبێت (هول، ٢٠٠٨: ١٥٦). لە راستیدا ئەم تیۆرەی (پیتەر ئەندرسۆن) رەخنەیەکی ئەوتۆی لێ نەگیراوە، هەر چەندە هەر توێژهرێك لە کۆمەڵگەی خۆی دووبارە تاقیکردۆتەوە و، دووبارە لەم توێژینەوەیەدا تاقییکراوەتەوە.

لەو شتانەی کە زیاتر هانی (ئەندرسۆن)ی داوە چەمکی «کۆمەڵە خەیاڵییەکان» بەکاربهێنێت، ئەوەیە، کە ئایدیای ناسنامەی نەتەوەیی بەشێوەی هێماداریین (رەمزیی) لەسەر هەبوونی گەل، یان کۆمەڵەیەکی بنەڕەتیی و رەسەن و پاکژ دامەزراوە، بەڵام واقیعی مێژوویی ئەوەی سەلماندووە کە لەنێو پەیوەندیی کولتوور و جەنگ و کۆچ و تێکەڵبوون و هیتردا، بەدەگمەن کۆمەڵەیەك هەبووە پاکژ بێت، یان پاکژ مابێتەوە.

میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەکی زانستیی دەشێت زیاتر لە میتۆدێکی توێژینەوەی تێدا بەکاربهێنرێت، لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی چەندێتیی (Quantitative Method) و چۆنێتیی(Qualitative Method) بەکارهاتووە، واتە میتۆدی تێکەڵاو (Mixed Method) گیراوتەبەر، بەمانایەکی تر، بۆ شیکردنەوەی رەهەندەکانی فرەکولتووریی و پەیوەندی بە ناسنامەوە فرەمیتۆد بەکارهاتووە.

باشترین میتۆدی تێکەڵاویش لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی سێکوچکەییە (Triangulation Method)، کە باوترین و ناسراوترین میتۆد بۆ تێکەڵکردنی میتۆدەکان، میتۆدی سێکوچکەیی یان سێ رەهەندیی. ئامانج لەم میتۆدە دەستەبەرکردنی داتا جیاوازەکانە، لە هەمان کاتدا لەبارەی بابەتێکی تایبەتە تاکو بە باشترین شێوە، فۆڕمی توێژینەوە روونبکرێتەوە. ئامانج لە بەکارهێنانی میتۆدی سێکوچکەیی ئەمەیە کە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی میتۆدە چەندییەکان (پێوانەی گەورەیی قەبارەی نموونە، ئاراستە، گشتاندن) و میتۆدە چۆنایەتییەکان (ژمارەی کەم، بەشەکییەکان، قووڵیی) پێکەوە لەبەرچاو بگیرێن. ئەم میتۆدە ئەوکاتە زیاتر بەکاردەهێنرێت، کە توێژهر بیەوێ بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەرەنجامە چەندییە ئامارییەکان لەگەڵ دۆزراوە چۆنایەتییەکان بەراورد، یان پاڵپشت بکات (Shwani, ٢٠٢١: ٢٩٣) (Blaikie, ١٩٩١: ١١٥). هەروەها ئەم میتۆدە میتۆدێکی تاك قۆناغییە، کە تێیدا توێژهر میتۆدە چەندیی و چۆنایەتییەکان پێکەوە و بە شێوەیەکی جیاواز بەکاردەهێنێت. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشمان بریتییە لە هەرێمی کوردستان کە تیایدا (٥٣٢) (یەکە)مان بە شێوەی چینایەتیی رێژهیی هەڵبژاردووە.

هەروەها سوودمان لە ئامرازە ئامارییەکان وەرگرتووە، بەتایبەت لەم توێژینەوەیەدا، ناوەندی سەنگکراوی هەر پرسیارێك لە پرسیارەکانی توێژینەوەمان وەرگرتووە.

تەوەری سێیەم: خستنەڕووی ئەنجام و شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە

لەم تەوەرەدا، هەوڵ دەدەین بە وردی تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەکەمان بخەینەڕوو، پاشان لە رێی

بەکارهێنانی هاوکێشە ئامارییەکانەوە کاریگەرییەکانی رەهەندی ناسنامە و زمان بەسەر فرەکولتووریی دا بدۆزینەوە، هاوکات کاریگەرییەکانی رەهەندی پەیوەندیی و تێکەڵاویی کولتوورییشمان خستۆتەڕوو.

یەکەم: تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوە

خشتەی (١) تایبەتمەندییەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| | | | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رەگەز | نێر | 326 | 61.0% |
| | | مێ | 208 | 39.0% |
| ٢ | تەمەن | 18-27 | 164 | 30.7% |
| | | 28-37 | 170 | 31.8% |
| | | 38-47 | 113 | 21.2% |
| | | 48-57 | 51 | 9.6% |
| | | 58+ | 36 | 6.7% |
| ٣ | ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | 6 | 1.1% |
| | | سەرەتایی | 30 | 5.6% |
| | | ناوەندیی | 44 | 8.2% |
| | | ئامادەیی | 70 | 13.1% |
| | | پەیمانگە | 98 | 18.4% |
| | | زانکۆ | 242 | 45.3% |
| | | خوێندنی باڵا | 44 | 8.2% |
| ٤ | باری ئابووری | زۆر خراپ | 4 | 0.7% |
| | | خراپ | 27 | 5.1% |
| | | مامناوەند | 338 | 63.3% |
| | | باش | 148 | 27.7% |
| | | زۆرباش | 17 | 3.2% |

| | | | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ٥ | شوێنی نیشتەجێبوون١ | هەولێر | 228 | 42.7% |
| | | سلێمانی | 128 | 24.0% |
| | | دهۆک | 135 | 25.3% |
| | | هەڵەبجە | 43 | 8.1% |
| | شوێنی نیشتەجێبوون٢ | ناوشار | 304 | 56.9% |
| | | شارۆچکە | 144 | 27.0% |
| | | شارەدێ | 46 | 8.6% |
| | | گوند | 40 | 7.5% |
| ٦ | نەتەوە | کورد | 427 | 80% |
| | | تورکمان | 40 | 7.5% |
| | | کلد وئاشووریی | 55 | 10.3% |
| | | عەرەب | 10 | 1.8% |
| | | هی دیکە | 2 | 0.4% |
| ٧ | ئایین | موسڵمان | 374 | 70% |
| | | مەسیحیی | 60 | 11.2% |
| | | ئێزیدیی | 28 | 5.2% |
| | | کاکەیی | 22 | %.4 |
| | | زەردەشتیی | 9 | 1.7% |
| | | یەهودیی | 9 | 1.7% |
| | | بێ ئایین | 15 | 2.8% |
| | | بەهائییەکان | 5 | 0.9% |
| | | صائیبیی مەندائیی | 5 | 0.9% |
| | | ئەوانی تر | 7 | 1.3% |

نموونەی توێژینەوەکەمان لە هەر دوو رەگەزی نێر و مێ پێکهاتوون، بەجۆرێك کە نێر ٪٦١ـیان پێکهێناوە و مێ ٪٣٩ـی توێژینەوەکەیان پێکهێناوە. ناهاوتایی لە رێژەی توێژینەوەکەدا هەیە، بەڵام ئەمە مایەی کێشە و ئاستەنگ نییە، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردستانیی دا پیاو زیاتر بەشداریی کارا لە پرسە سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکات، لە لایەکی ترەوە بە هۆکاری کۆمەڵایەتیی و خۆپارێزیی ژن کەمتر وەڵامدەرەوەی ئەم فۆرمانە بەهەند وەردەگرن، ئەگەرچیی هەوڵێکی زۆرمان داوە بەپێی تایبەتمەندیی ناوچە جوگرافیاییەکانیش بەشداریی کارای ژن لە راپرسییەکەدا هەبێت.

تەمەن وەکو گۆڕاو؛ بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکان؛ ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ( ٢٨تا ٣٧)ساڵیدایە، (٪٣١) زۆرترین نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. لە ریزبەندی دووەمدا ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان( ١٨تا ٢٧) ساڵیدان و رێژەی (٪٣٠)ی پێکدەهێنن. لە ریزبەندیی سێیەمیش ئەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان( ٣٨تا)٤٧ساڵیدان کە رێژەی (٪٢١,٢) پێکدەهێنن. بە رێژەیەکی کەمتر لەوانیش(٤٨تا ٥٧)ساڵین کە رێژەی

(٩,٦٪) پێکدەهێنن، کەمترین ڕێژەش بریتییە لە تەمەنی ٥٨ بۆ سەرەوە کە ڕێژەی (٦,٧٪)پێکدەهێنن. زیاتر لە نیوەی توێژینەوەکە ئەو کەسانەن کە گەنجن، ئەمەش هۆکاری جیاجیای لە پشتەوەیە، یەکەمیان؛ بەشداریی کارای گەنجانە لە پرسە سیاسیی و کولتوورییەکان و، حەزکردن بۆ دەربڕینی دیید و بۆچوونەکانیان. دووەمیان؛ دیید و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ڕووداوەکان.

ئاستی خوێندن؛ بەپێی خشتەی زانیارییەکان، زۆرترینی ئەوانەی کە بەشداریی توێژینەوەکەیان کردووە بریتین لە دەرچووانی زانکۆکان، کە (٤٥,٣٪)پێکدەهێنن، ئەمەش دەرخەری زۆریی دەرچووی زانکۆیە لە کوردستان، بەپێی ئاماری فەرمیی وەزارەتی خوێندنی باڵا، تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ (٤٣٢٧٧) قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەرگیراون (وەزارەتی خوێندنی باڵا، ٢٠٢١).ئاستی دەرچووی پەیمانگە بە ڕێژەی دووەم دێت کە بریتیە لە (١٨,٤٪)، ئاستی سێیەم دەرچووانی ئامادەیین بریتییە لە (١٨,٢٪)ن. ئاستی نزمتریش بریتیە لە خوێندنی باڵا و ئاستی ناوەندیی کە هەردووکیان بە هەمان ڕێژە بەشدارن لە توێژینەوەکەدا، بریتین لە (٨,٢٪). دوای ئەوانیش ئاستی سەرەتاییە کە بریتییە لە ڕێژەی (٥,٦٪). نزمترین ئاستیش بریتیە لە ئاستی نەخوێندەواریی کە ڕێژەکەی بریتیە لە (١,١٪).

باری ئابووریی؛ بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکانی توێژینەوەکە، ئەوانەی کە بەشداربوون بە ڕێژەی (٦٣,٣٪) مامناوەندبوون، دووەمیش بەپێی توێژینەوەکە (٢٧,٧٪)ئەو کەسانە بوون کە بارودۆخیان باش بووە. نزمتر لەم ڕێژەیە ئەوانەن کە بارودۆخیان خراپە کە بریتیین لە ڕێژەی (٥,١٪). نزمتر لەو ڕێژەیەش ئەوانە کە بارودۆخی ئابوورییان زۆر باشە کە ڕێژەی (٣,٢٪). نزمترین ئاستی ئابووریی کە زۆر خراپە بە ڕێژەی (٧.٪).

شوێنی نیشتەجێبوون؛ پارێزگای هەولێر زۆرترین بەشداربووی توێژینەوەکەمان پێکدەهێنێت، کە بریتیە لە ڕێژەی (٤٢,٧٪)، زۆریی ڕێژەکە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە گرینگترینیان بریتین لە (زۆری پێکهاتە ئایینی ونەتەوەییەکان) و (زۆری دانیشتوانی ناو سەنتەری شاری هەولێر). دووەمیش بریتیە لە شاری دهۆك کە ڕێژەکەی بریتیە لە (٢٥,٣٪). سێیەمیش شاری سلێمانییە کە بریتیە لە (٢٤٪)و نزمترینیان شاری هەڵەبجەیە کە بریتیە لە (٨,١٪). شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەریی لەسەر جۆری بیرکردنەوە هەیە، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەندێ ناوچەدا تێکەڵبوونی ئایینی و نەتەوەیی بە بەرفراوانی بووە و لە سنووری یەك جوگرافیای دیاریکراودا پێکەوەدەژین، لەهەندێ ناوچەشدا بە پێچەوانە زۆر بەدەگمەن ئەم پێکهاتانەی تێیدا دەبینێت. لەهەندێ ناوچەدا بنەماڵە بە ناوی «جوو» هەبووە، هەر بە «جوو»ش بەناوبانگبوون (وەکو قەڵادزێ)، یان گەڕەك بە ناوی «جوولەکان» هەبووە، بەڵام بەهۆکاری جیاجیا ئێستا گۆڕانکاریی ڕوویداوە.

شوێنی نیشتەجێبوون- (سەنتەری شار، شارۆچکە، شارەدێ، گوند)؛ زۆرترین بەشداربووی توێژینەوەکە بریتیە لە دانیشتوانی ناو شارە گەورەکان، کە ڕێژەی (٥٦,٩٪) پێکدەهێنێت. دواتر شارۆچکە دێت کە ڕێژەی (٢٧٪) ـی توێژینەوەکەیە. نزمتر لەم ئاستە شارەدێیە کە (٨,٦٪)ی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت. نزمترین ئاست لە بەشداربووی توێژینەوەکە بریتیە لە گوند کە (٧,٥٪)پێکدەهێنێت.

نەتەوە؛ نەتەوەی کورد زۆرترین بەشداربووی توێژینەوەکەن، کە (٨٠٪)، کلدۆ ئاشووریی (١٠,٣٪)پێکدەهێنن، تورکمان (٧,٥٪) پێکدەهێنن، عەرەب (١,٨٪)پێکدەهێنن، هی تر (٠,٤٪) پێکدەهێنێت.

ئایین؛ موسڵمان (٧٠٪) بەشداربووانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. مەسیحی (١١,٢٪)ی ئەندامانی توێژینەوەکە پێکدەهێنن. ئێزیدییەکان ڕێژەی (٥,٢٪) پێکدەهێنن. کاکەیی ڕێژەی (٤٪.) پێکدەهێنن. بێ-ئایین ڕێژەی (٢,٨٪)

پێکدەهێنن. زەردەشتیی رێژەی (١,٧٪) و جوولەکە رێژەی (١,٧٪) پێکدەهێنن. هی تریش، کە مەبەست لە ئایینی ترە کە توێژەی دیارینەکردووە (١,٣٪) پێکدەهێنن، نزمترین ئاستی بەشداربووانیش بەهائییەکان و صائیبیی مەندائیی کە هەر یەکەیان رێژەی (٠,٩٪) پێکدەهێنن.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ شیکردنەوەی زانیاریی و داتا ئامارییەکان، ئامرازی (Statistical Package for the Social Sciences) کە کورتکراوەکەی لە (SPSS) وەرگیراوە. هەروەها ناوەندی سەنگکراو بەکارهاتووە؛ زۆر بەهێز لەنێوان (٢,٦ تا ٣)، بەهێز لە نێوان (٢,٦ تا ٢,٢)، مامناوەند (٢,٢ تا ١,٨)، لاواز لە نێوان (١,٨ تا ١,٤) و زۆر لاواز لە نێوان (١,٤ تا ١)ـە.

## دووەم: کاریگەریی ناسنامە و زمان لەسەر فرەکولتووریی

خشتەی (٢) کاریگەریی ناسنامە و زمان لەسەر فرەکولتووریی دەخاتەڕوو

| رەهەند | پرسیار | ناوەندی سەنگکراو | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| ناسنامە و زمان | باوەڕت بە پاراستنی مافی نەتەوەکانی تر هەیە؟ | ٢,٧٨ | ٨٩٪ |
| | ئایا شانازی بە ناسنامەی نەتەوەکەت دەکەیت؟ | ٢,٧٢ | ٨٦٪ |
| | ئایا باوەڕت بە پێکەوەژیانی نەتەوەیی هەیە؟ | ٢,٨٢ | ٩١٪ |
| | پێتوایە بوونی زمانێکی یەکگرتوو لە کوردستان، دەبێتە هۆکارێک بۆ نەمانی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان؟ | 2.05 | ٥٢,٥٪ |
| | حەز دەکەیت زمانێکی کوردیی یەکگرتوو لە کوردستاندا بچەسپێت ؟ | 2.68 | ٨٤٪ |
| | زمانێکی یەکگرتوو، بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بنیادنانی ناسنامەی نیشتیمانیی دەزانیت؟ | ٢,٤٧ | ٧٣,٥٪ |
| | ئایا هەرگیز هەوڵتداوە فێری زمانی نەتەوەکانی تر بیت؟ | ٢,٨١ | ٩٠,٥٪ |
| | قەڵاچۆلکردنی(لەناوبردنی) ئێزیدییەکان لە لایەن تیرۆریستانی داعش چۆن دەبینی؟ | 2.85 | ٩٢,٥٪ |
| | کارەساتی شنگال چ کاریگەرییەکی لەسەرت هەبوو؟ | 2.88 | ٩٤٪ |

ناسنامە؛ بنەمای خۆناسین و بەهێزبوونی تاك و گرووپەکانە، مرۆڤ هەڵگری چەندین ناسنامەی جیاجیایە و لەژێر کاریگەریی ئەوانیشدایە، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەیەك کە ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیەکی زۆری بینیبێت، بەردەوام بەدوای ناسنامەیەك دا دەگەڕێت کە شکۆی بپارێزێت. لە هەرێمی کوردستان دا تائێستاش ناسنامەی ئایینیی و نەتەوەیی کاریگەریی بەهێزی لەسەر تاکەکان هەیە، بۆیەشە شانازییکردن بەناسنامە بە مانای هەبوون و بەردەوامبوون و بەرەنگاربوونەوەیە، لەگەڵ ئەمەشدا زمان بە یەکێك لەتوخمە سەرەکییەکانی کولتووریی کۆمەڵگە دادەندرێت، لە هەمانکاتیشدا رەنگدانەوەیەکی ناسنامەیی تێدا دەبینرێتەوە. سەبارەت بەوەی کام جۆری ناسنامە، کاریگەریی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەمان هەیە، هەوڵماندا لە رێی پرسیارێکەوە؛ گرنگیی جۆرەکانی ناسنامە رییزبەند بکەین (١تا ٥ـ ژمارە ١ زۆرترینە و ژمارە ٥ کەمترینە)، بۆمان دەرکەوت کە:

ناسنامەی کەسیی (١، ٢، ٣، ٤، ٥). ؟ لەوەڵامدا (٣٥,٥٪)ـی بەشداربووان ژمارە ( ١)ـیان پێداوە، ، (١١,٢٪)ـی بەشداربووان ژمارە (٥)ـیان پێداوە.

ناسنامەی نیشتیمانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥). لە وەڵامدا( ٤١٪)ـی بەشداربووان ژمارە (١)ـیان پێداوە، (١١٪)ـی بەشداربووان ژمارە (٥) ـیان پێداوە.

ناسنامەی نەتەوەیی (١، ٢، ٣، ٤، ٥). لە وەڵامدا (٤٢٪)ـی بەشداربووان ژمارە (١)ـیان پێداوە،( ١٣,٣٪)ـی بەشداربووان ژمارە (٥)ـیان پێداوە.

ناسنامەی ئایینیی (١، ٢، ٣، ٤، ٥). لە وەڵامدا( ٤٥,١٪)ـی بەشداربووان ژمارە(١)ـیان پێداوە،( ١٨,٥٪)ـی بەشداربووان ژمارە (٥) ـیان پێداوە.

ناسنامەی کۆمەڵایەتیی (١، ٢، ٣، ٤، ٥). لە وەڵامدا( ٢٠,٢٪)ـی بەشداربووان ژمارە (١)ـیان پێداوە،( ٢١,٩٪)ـی بەشداربووان ژمارە (٥)ـیان پێداوە.

بەپێی ئەم دەرئەنجامانە بێت، تا ئێستاش ناسنامەی ئایینیی بە پلەی یەکەم و نەتەوەیی بە پلەی دووەم بە قووڵیی کاریگەریی لەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەیە، بەجۆرێك باوەڕبوونی ئایینیی و سرووت و ڕێوڕەسمەکان بە بەهێزیی لەسەر ناخی مرۆڤەکان هەیە، کە ئەم باوەڕە مێژوویەکی قووڵیی هەیە و بەپێی قۆناغەکانیش لە هەڵکشان و داکشاندا بووە.

ئەنترۆپۆلۆژییزانی ئێرانی (ناصر فکوهی)، پێیوایە ناسنامە واتە ئەو بنچینەیەی کە بتوانێ گرووپێکی کۆمەڵایەتیی بۆ خۆی و بۆ ئەوانیتر لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تری جیابکاتەوە. بەم چەشنە، گرنگترین بنچینەی ناسنامە بریتییە لە (جیاوازیی). ئەو کاتەی دوو گرووپمان هەیە کە زمانەکەیان هاوشێوە نییە، یان ڕواڵەتیان لەگەڵ یەك جیاوازە، یان شێوەی ژیانیان جیاوازیی هەیە، ئەوا بەو مانایەیە کە سەروکارمان لەگەڵ دوو ناسنامەی جیاواز هەیە، بەڵام بوارەکانی ناسنامە هەر تەنیا یەك دوو بوار نیین و لە هەر کۆمەڵگەیەك ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ ناسنامەی، لە نێوان ئەوەکان دا بە درێژایی ڕۆژگاری جیاواز دەبینەوە. جیاوازی کۆمەڵگە لەڕووی ناسنامەوە لەگەڵ شێوەکانی پێشتری لە زۆربەی بوارە مرۆییەکانی وەك جڤات (Community)، بریتییە لەوەی کە سەرەتا لە فۆرمە ناسنامەییەکان بۆ فۆرمە بایەلۆژیی و بەتایبەت سیستەمی خزمایەتیی نزیکدەبنەوە، لە کاتێکدا کە لە بواری دووەمدا کە کۆمەڵگەیە بە فۆرمە کولتوورییەکانی وەك سەلیقە و ئارەزوو، شێوازی ژیان، تەماشاکردنی جیهان، مەیلی سیاسیی و هونەر نزیکدەبێتەوە. ناسنامەی نیشتیمانی جۆرێکی تازەیە لە ناسنامە؛ کە دەوڵەت- نەتەوەکان لە سەدەی نۆزدە هێنایانەکایەوە، کە نەیاری زۆریشی هەیە، جۆرێکە لە خاوەندارێتیکردنی کولتوور بە هۆی سیاسەتەوە (چاوپێکەوتن، ٢٠٢١).

ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، بێگومان تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی خۆی هەیە لەسەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵ، یان ئاشکراتر بڵێین لە کۆمەڵگەی کوردستانیی دا. تاکەکەس لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ، بەڵام لەسەر ئاستی گشتیی واتە جیهانیی ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر بنەمای بوونی دەوڵەت دیاریدەکرێت. هەر پێکهاتەیەکی ئیتنیکیی یان نەتەوەیی خاوەنی دەوڵەتی سەروەریی نەبێت، تاکەکانی ئەو نەتەوەیە ناسنامەی جیهانییان نییە. بۆ نموونە لە دەرەوەی هەرێم ناسنامەی هەموو تاکێکی کوردستانیی ناسنامەی عێراقییە. ناسنامەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵیش هەرگیز بەهێز نابێت هەتا سەروەری نەتەوەیی بەدەستنەیەت. سەرەوەری نەتەوەییش تەنیا لە دروستکردنی دەوڵەتدا دەستەبەردەبێت.

وەك ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٢) دەردەکەوێت کە ناوەندی سەنگکراوی ئەو پرسیارەی، ئایا شانازی بە

ناسنامەی نەتەوەکەتەوە دەکەیت؟ لە وەڵامدا (٢،٧٢)ـە، واتە تا ئاستێکی باش بەهێزە و، سەبارەت بەو پرسەی کە کام ناسنامە زیاتر کاریگەریی لەسەرت هەیە؟ لە وەڵامدا بەرزترین ئاستی وەڵامدانەوەی بەشداربووان بۆ ناسنامەی ئایینیی بووە، کە(٣٨،٤٪)ـە. ئاستی دووەم بۆ ناسنامەی نەتەوەیی بووە، کە (٣١،٦٪) بووە، ئاستی سێیەم بۆ ناسنامەی نیشتیمانی بووە کە(١٩،٩٪) بووە. ئاستی چوارەم و نزمترین ئاست ئەو بەشداربووانە بوون کە ناسنامەی کۆمەڵایەتییان دیارکردیووە، کە (١٠،١٪) نموونەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

(عەتا قەرەداخی) پێیوایە ناسنامەی ئایینیی کاریگەری قووڵتری هەیە لەسەر تاکەکەس لەچاو هەر ناسنامەیەکی تردا. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە ئایین رووبەرێک لە بوونی تاکەکەسدا داگیردەکات، کە رووبەری رۆحە کە تیایدا گەورەترین و بەهێزترین ئینتیمای تاکەکەس بە رۆحی باڵاوە واتە خودا دروست دەبێت. بۆ کەسی بڕواداریش هیچ پەیوەستبوون و ئینتیمایەک لە پەیوەستبوون و ئینتیما بە خوداوە بەهێزتر نییە(چاوپێکەوتن،٢٠٢١).

سەبارەت بەوەی کە ئایا چ بابەتێك زیاتر هۆکارە بۆ دروستبوونی ناسنامەی نیشتیمانیی؟ لە وەڵامدا (٢٨،٥٪)ـی بەشداربووان، بەرجەستەکردنی ئازادیی و دیموکراسیی و رێزگرتن لە جیاوازییەکانیان دیاریکردووە. بەڵام (١٨،٤٪) ـی بەشدارابووان رەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ پەیڕەوانی ئایین و نەتەوەکان بە بێ جیاوازییان دیاریکردووە، هاوکات (٣٣،٣٪) کەمکردنەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕیی و بەرجەستەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان دیاریکردووە، کە بەرزترین ئاستە و جێگای تێڕامانی وردە. (١٩،٩٪)ـی بەشداربووان دابینکردنی ژیانێکی سادە و پاراستنی شکۆی تاکەکانی کۆمەڵگەیان بەهەند وەرگرتووە.

(دکتۆر کامەران فەیلی) پێیوایە لە پرۆسەی نەتەوەسازیی و بنیاتنانی ئینتیمای نیشتیمانیی بە دڵنیاییەوە ناسنامەی نەتەوەیی، یەک ئیدارەیی، زمانی هاوبەش، دیموکراسیی لە خاڵە گرنگەکانە. بەمەبەستی یەکگرتوویی ناو کۆمەڵگە پێویست بە پەرەپێدانی دیموکراسیی، تواناسازیی کۆمەڵگەی مەدەنیی و دامەزراوە دیموکراتییەکان، سەقامگیریی ئاسایش، سەرنجدان بە بۆچوونە جیاوازەکانە (فەیلی، PI، ٢٠٢١).

ناسنامەی نیشتیمانی پەیوەندی بە ئاستی پەرەسەندنی هەست و هوشیارییەوە هەیە، وەکو ئاشکرایە هەموو مرۆڤێك بە سروشتی پەیوەندی بەو خاکەوە هەیە کە تیایدا لە دایکبووە، بەجۆرێك لەژێر کاریگەری ژینگەی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیەدا گەورە بووە، بەڵام ئەم پەیوەستبوونەیان هەرچەندە لە ئاستی دووردا دەبێتە رەگەزێکی دروستکردنی ناسنامەی نیشتیمانیی، بەڵام لە لەلایەکی ترەوە پەیوەستبوونێکە، سەرچاوەکەی غەریزەیە نەک تەنیا هوشیاری. ناسنامەی نیستیمانی زیاتر پەیوەندی بە بوونی پێگەیشتنی تاکەکەس و گرووپ و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە پێویستە تاکەکەس و کۆمەڵگە لە رووی هوشیارییەوە لە بایەخ و گرنگی خاک یان نیشیمان تێبگەن و، وەکو پایەیەکی بۆ هەبوونی خۆیان سەیری بکەن و، لە بارێکی وەهاشدا تاکەکەسی هوشیار هەستدەکات لە دەرەوەی نیشتیمان ئەم هەبوویەکی بێ رەگ و ڕیشەیە.

سەبارەت بە هەبوونی زمانێکی یەکگرتوو لە کوردستان، دەبێت بە هۆکارێك بۆ نەمانی جیاوازییە ئایینی و نەتەوەییەکان، سەنگی ئەم پرسیارە بریتیە لە (٢،٠٥) کە مامناوەندییە، بەڵام لە بەرانبەردا حەز دەکەیت زمانێکی کوردیی یەکگرتوو لە کوردستاندا بچەسپێت، سەنگی ئەم پرسیارە (٢،٦٨)ـە، واتە بەهێزە. زمانێکی یەکگرتوو، بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی بنیادنانی ناسنامەی نیشتیمانی دەزانیت، سەنگی ئەم پرسیارە بریتیە لە (٢،٤٧) واتە بەهێزە. هەروەها سەبارەت بەو پرسەی کە ئاخۆ هەرگیز هەوڵتداوە فێری زمانی نەتەوەکانی تربیت، لەوەڵامدا (٢،٨١)ـە، واتە زۆر بەهێزە. دکتۆر کوردستان موکریانیی دەڵێ «بەڵێ زمانی فەرمیی

هۆکارێکی گرنگی بونیادنانی ناسنامەی نیشتمانییە، چونکە ئەو چاوگەیە، کە هەموو بەها رۆشنبیرییەکانی تێدا رەنگدەداتەوە لە شارستانێتیی، هزر، هونەر، زانست و..» (موکریانی، PI، ٢٠٢١).

(کوردستان موکریانی)کە کەسێکی ئەکادیمیاییە، پێیوایە کە زاراوەی زمانێکی یەکگرتوو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا زۆر بەکاردەهات، ئەو رووناکبیرانەی هەوڵی بەدیهێنانیان دەدا، بەرێزان: د. جەمال نەبەز، د.عیزەددین مستەفا رەسووڵ، د.کامل بەسیر، گیو موکریانی و هتد. ئەم هەوڵە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکان لە ساڵانی حەفتاکاندا رەنگرێژکرابوو، بەڵام دواتر رژێمی بەغدا بە رێگەی بەعەرەبییکردنی (تعریب) خوێندن، ئەم هەوڵە پیرۆزەی لەباربرد. ئەمرۆ لە بری زمانی یەکگرتوو، زمانی فەرمیی، یان زمانی ستاندارد جێگەی گرتۆتەوە، من بۆ باشووری کوردستان زاراوەی فەرمیی و لەسەر ئاستی کوردستانی گەورەدا زمانی ستاندارد بەکاردێنم، کە ئەمەی هەرە دواییان لە کاتی هەبوونی دەوڵەتدا دەتوانرێت بێتەدی، هەڵبەت بە هەبوونی زمانێکی فەرمیی بەرهەمی هزر بە هەموو جۆرەکانی یەکرەنگ دەبن و دەبن بەمایەی زیاتر لێکتێگەیشتنی ئەندامانی کۆمەڵ و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان، لە کوردستاندا چەندین ئایین و ئاینزا هەن، هەریەکەیان بە زمانێکن، جیاواز لەوی تر، پێرەوی ئەم ئاینانەش ئەو زمانە بە پیرۆز دەزانن و دەستبەرداری نابن. لەم بارەدا دەبێت ئێمە زمانێکی هاوبەشمان هەبێت، کە چەمکی پەرژاندنی یەکتر، رێزگرتن لە ئایینە جیاوازەکان، شارەزابوون لە کرۆکی ئایینەکان و.. لەخۆبگرێت، لەو بارەدا بەرەبەرە جیاوازییە ئایینییەکان کاڵدەبنەوە و، روو لە نەمان دەکەن(موکریانی، PI، ٢٠٢١).

دەشێت، زمان بەتایبەت زمانی دایك، ئاماژە پێکردنێکی ورد بێت کە داب و نەریتە دێرینە هاوبەشەکان دەتوانن لە ناو زمانی دایکی کەسەکاندا رەنگبداتەوە، ئەوە تەنیا بەسەر ئەو منداڵانەی لە هەندەران لە دایکبوون ناسەپێت، بەڵکو ئەوانەی لە ناو وڵاتیشدا لەدایکبوون دەسەپێت. (کوماس، ٢٠٠٩ :١٨). زمانی دایك جیاوازە لە زمانی نەتەوەیی، واتە زمانی زۆرینە ئەگەر زمانی دایك و زمانی نەتەوەیی هاوتابوون، ئەوا زمانی دایك و زمانی نەتەوەیی دەبنە یەك، زمانی دایك ئەو میراتەیە کە هەر دەبێ منداڵەکان وەریبگرن، لە هەندێ زمان بڕی پەیوەستبوونی زمانی یەکەم بە زەوی و خاك گرێدراوە، «بۆ نموونە لە زمانی (چینیی) کە گوزارشتکرنە لە زمانی دایك بەدەستەواژەی (بن غیو یوین) کە بە واتای زمانی سەرچاوەی وڵات دێت، بۆیە زمانی دایك واتە شیری دایك یان غەریزەی دایك، خوێنی دایك،...هتد. ئەمەشە وادەکات کە لە زمانی دایکەوە زمانی نەتەوەیی سەرهەڵبدات، چونکە دایك بناغەی خێزان و خێزانیش بناغەی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەش بناغەی دەوڵەت دروستدەکات» (کالفی، ٢٠٠٨:١٥٣).

ناسنامەی کولتووریی هەر نەتەوەیەك، کە زمان لە پاڵ ئاین و رەچەڵەك و چوارچێوەی جوگرافیا پێکدەهێنێ، یەکێکە لە پێکهاتە چالاکەکانی ناسنامەی کولتووریی، بۆیە پاراستنی زمان پاراستنی ناسنامەی کولتووریی نەتەوەیە، کە زمان لەسەرووی هەموو پێکهاتەکانی دیکەوە ئاماژەی پێدەکرێت، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بایەخی لەرادەبەری زمان لەنێو ئەم پێکهاتانەدا «ناسنامەی کولتووریی هەر نەتەوەیەك دوو ئەرکی بنەرەتیی بەجێدەهێنێت، یەکەم؛ وەکو دەستار وایە لەوەی هەستی ئینتیمای هاوبەش دەبەخشێتە ئەندامەکانی، لەبواری چێکردنی بیروباوەری بەشداربیکردن لە پاشماوە کولتوورییەکان بەگشتیی، دووەم؛ ناسنامەی کولتووریی وەکو پاڵاوتەیەك کاردەکات، بە دوورخستنەوەی ئەوانەی ئینتیمایان بۆی نییە و جیاکردنەوەیان لە کۆمەڵدا، واتە ئامرازێکە بۆ جیاکردنەوەی ئەوانی ئینتیمایان هەیە و ئەوانی ئینتیمایان نییە» (کوش، ٢٠٠٢:٩٦-٩٧). بۆیە

چـەکی مانـەوە و بەردەوامـی پاراسـتنی زمـان مامەڵەکردنێـکی هۆشـیارانەیە لەگـەڵ زمانـدا و بەرگرییـە لـە خـودی خـۆی، نیشـتیمان، ناسـنامە و نەتەوەکـەی، هەروەهـا بایەخـە سـەرەکییەکەی زمـان لەوەدایـە کـە نیشـانەیەکی جیاکـەرەوەی ناسـنامەیە، ئـەو زمانـەی دەبێتـە زمـانی فەرمیـی لـە کاروبـاری دەوڵـەت و دامودەسـتگەکانی و خوێنـدن و لـە ناوەنـدەکانی راگەیانـدن بەکاردێـت.

هێـزی زمـان لەگـەڵ هێـزی ئـەو میللەتەدایـە کـە قسـەی پێـدەکات، هاوسـەنگی سـەرچاوەی هێزیـش دەسـەڵات و ئایینـە، چونکـە ئایـین لـە سـەردەمە کۆنـەکان کەلەپـوور و کولتووریـی بەشـێوەیەکی گشـتی لەخـۆ دەگـرت. (محەمـەد،٢٠١٠:١٨). لەنێـو ئایینـە ئاسـمانیی و زەمینییـەکان دا بەهیـچ شـێوەیەك بـە کـەم مامەڵـە لەگـەڵ زمانەکانـدا نەکـراوە، بـەڵام مـرۆڤ بەهـۆی کەمـی، یـان نەبـوونی هۆشـیاری بـەم شـێوەیە سـەرنج لـە زمانـەکان دەدات، لـە کاتێکـدا مەسـەلەی «دەسـگرتن بـە زمانـەوە وەك بابـەتی ئایـین و ڕەگـەز نییـە کـە بەرنامەیـەکی ئایدۆلۆژیـی و فکـری دەتوانـێ بیـان ورووژێنـێ و گرووپـەکان پەرتوبـڵاو بـکات، بابـەتی زمـان بابەتێـکی کولتوورییـە، بـەڵام ئەگـەر تێگەیشـتنی قووڵـی سـیاسی و ئەنترۆپۆلۆژیـی ژیرانـەی لـە پشـتەوە نەبـێ، لـە هـەردوو کاتەگـۆری ئایـین و ڕەگـەز مەترسـیدارترە، چونکـە لێرەدا زمـان و مەسـەلەی باڵادەسـتیی ئـەدەب و زمـانی نووسـین و کولتـووری ئـەو ناوچەیـە دەنەخشـێنێ، زمـان ئاوێنەیەکـە بـۆ شـانازیکردن بـە ڕابـردووی جڤاکەوە»(سـابیر، ٢٠٠٩:).

زمـان تاکـە ئامـرازی بەهێـزی یەکخسـتنی جەمـاوەرە... لەگـەڵ ئەوەیشـدا، هەندێـک سـیمای زمـان کـە ئـەو هێـزەی لـە بارودۆخێکـدا پـێ دەبەخشـێت، لەوانەیـە لـە هێندێـک بارودۆخـی دیکـەدا، ببێتـە سـەرچاوەی سـەرەکیی لێـک بڵاوبـوون و پێکدادانـی ناوخۆیـی لـە سیسـتەمێکی نەتەوەییـدا... لەکاتێکـدا، گەشـەکردنی زمانـی نەتەوەیـی لەوانەیـە پاڵپشـتێکی بـاش بێـت بـۆ دروسـتکردن و بەهێزکردنـی ناسـنامەی نەتەوەیـی، بەکارهێنانـی مەبەسـتداری زمانەکـە بـۆ ئامانجـی ناسـنامەی نەتەوەیـی لانیکـەم لـە دەوڵەتـە فرەئیتنیکیەکانـدا لەوانەیـە ئەنجامـە تێکدەرانەکانـی، لـە یەکێتـی بەخشـەکانی، زیاتـر بـن، ئەگـەر بـەوردی و زانسـتی و لۆژیـکی مامەڵـەی لەگەڵـدا نەکرێـت.

(یوسـف عوسـمان -دەروونـاس و شـارەزایی پەروەردەیـی) دەڵـێ لەوانەیـە هـەر نەتـەوە و ئایینێـك بڵـێ مـافی خۆمانـە قوتابخانـەی تایبـەت بەخۆمـان هەبێـت، بـەڵام لـە کۆتایـی ئەمـە دەبێتـە لێکدابـڕان. لـەرووی سـایکۆلۆژیەوە هەرچەنـدە لەگـەڵ یەکـتر تێکەڵـبن زیاتـر شـارەزای یەکـتر دەبـن و خۆشەویسـتی و یەکـتر قبوڵـکردن دێتـە ئاراوە(عوسـمان،PI، ٢٠٢١). (مینـواس جەمـال ڕەشـید) کـە شـارەزایی لـە بـواری زمانناسـیدا هەیـە، پێیوایـە هیـچ گومانێـک نییـە کـە زمـان نـەک تەنهـا گرینگـە بەڵکـو گرینگتریـن هـۆکارە بۆ بنیادنانی ناسـنامەی تاکەکەسیی. تـاک زۆر سـەرقاڵە بە ناسـنامە کە مەرجە کۆمەڵایەتیـی و کولتووریـی و زمانەوانییـەکان کاریگەرییـان لەسـەری هەیـە . هـەر تاکێکیـش خـۆی بـەو کۆمەڵگەیـە دەبەسـتێتەوە و خـۆی لـە ڕێـی سـەرجەم تایبەتمەندییەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیـەوە وەکـو زمانـی یـان شـێوەزارەکانی دەناسـێنێت. بۆیـە هـەر کاتێـک گوێـت لـە کەسـێکی نەنـاسراو دەبێـت کـە بـە هەمـان زمانـی تـۆ یـان شـێوەزاری تـۆ قسـە دەکات ئـەوا یەکسـەر جـۆرە ناسـنامەیەک دروسـت دەبێـت کـە خۆتـی پێـی دەبەستیتەوە(ڕەشـید،PI، ٢٠٢١).

سـەبارەت بـەوە کـە قەڵاچۆلکردنی(لەناوبـردنی) ئێزیدییـەکان لەلایـەن تیرۆریسـتانی داعـش چـۆن دەبینـی؟ بۆمـان دەرکەوتـووە کـە کێشـی پرسـەکە بریتییـە لـە (٢,٨٥)، واتـە زۆر کێشـەکەی بەهێـزە. هەروەهـا لەبـارەی ئـەوە ئایـا کارەسـاتی شـنگال چ کاریگەرییـەکی لەسـەرت هەبـوو؟ ئەنجامـە ئامارییەکـە بریتیـە ٩١,٢٪ـی بەشـداربووان بـە (نیگەرانبـووم) وەڵامیـان داوەتـەوە و ٥,٦٪ـی بەشـداربووان بـە (گرنـگ نەبـوو لـەلام) و ٣,٢٪ـی بەشـداربووانیش بـە (نیگـەران نەبـووم) وەڵامیـان داوەتـەوە. واتـە زۆربـەی زۆری بەشـداربووانی ئـەم توێژینەوەیـە بـە جیـاوازی نەتـەوە

و ئایینە جیاوازەکانەوە بەرانبەر تاوانی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤ نیگەران بوون و پەسەندکراو نەبووە لەلایان، ئەوانەی نیگەران نەبوون، ئەوکەسانەن کە بیری توندئاژۆیی ئایینی بەسەریاندا زاڵە و باوەڕیان بە پەسەندکردنی فرەیی ئایینی نییە.

## سێیەم: کاریگەریی پەیوەندیی و تێکەڵاویی کولتووریی لەسەر فرەکولتووریی

خشتەی (٣) کاریگەریی پەیوەندیی و تێکەڵاویی کولتووریی لەسەر فرەکولتووریی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | پرسیار | ناوەندی سەنگکراو | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیی و تێکەڵاویی کولتووریی | ئایا باوەڕت بە پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و کولتوورە جیاوازەکان هەیە؟ | 2.75 | ٪٨٧,٥ |
| | ئایا بە بینینی دابونەریتی جیاواز لەهی خۆت لە گەڕەکەکەتاندا، هیچ کاتێک نیگەرانیت بۆ درووست بووە؟ | 2.44 | ٪٧٢ |
| | ئایا ڕێز لە ڕێوڕەسم و سرووتی ئایین و نەتەوەکانی تر دەگریت؟ | 2.78 | ٪٨٩ |
| | ئایا باوەڕت بە کردەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکدا هەیە، کە لە ئایینی خۆت نەبێت؟ | ١,٩٣ | ٪٤٦,٥ |
| | ئایا باوەڕت بە کردەی هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکدا هەیە، کە لە نەتەوەکەی خۆت نەبێت؟ | 2.06 | ٪٥٣ |
| | ئایا هیچ کەسێک لە خێزانەکەت هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکدا کردووە کە ئایینەکەی جیاوازبێت؟ | 1.39 | ٪١٩,٥ |
| | ئایا هیچ کەسێک لە خێزانەکەت هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکدا کردووە کە لە نەتەوەی جیاواز بێت ؟ | ١,٧٠ | ٪٣٥ |
| | ئایا سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی ئایینەکانی دیکەت کردووە؟ | 2.07 | ٪٥٣,٥ |
| | سەردانی پزیشکێک ناکەم ئەگەر لە ئایینەکەی خۆم جیاواز بێت؟ | 2.82 | ٪٩١ |
| | سەردانی پزیشکێک ناکەم ئەگەر لە نەتەوەکەی خۆم جیاواز بێت؟ | 2.87 | ٪٩٣,٥ |
| | خەمبار نابم ئەگەر پێڕەوانی ئایینەکانی دیکە دووچاری کارەسات ببنەوە؟ | 2.78 | ٪٨٩ |
| | خەمبار نابم ئەگەر پێڕەوانی نەتەوەکانی دیکە دووچاری کارەسات ببنەوە؟ | ٢,٨٠ | ٪٩٠ |
| | بەردەوام نابم لە کارێکدا، ئەگەر بەڕێوەبەرەکەی (سەرۆکەکەی) لە ئایینێکی دیکە بێت؟ | ٢,٨٢ | ٪٩١ |
| | بەردەوام نابم لە کارێکدا، ئەگەر بەڕێوەبەرەکەی (سەرۆکەکەی) لە نەتەوەیەکی دیکە بێت؟ | ٢,٨٠ | ٪٩٠ |
| | پێویستە ئاگاداربم لە هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ پێڕەوانی ئایینەکانی تر؟ | ١,٥٥ | ٪٢٧,٥ |
| | پێویستە ئاگاداربم لە هەڵسوکەوتکردندا لەگەڵ پێڕەوانی نەتەوەکانی تر؟ | ١,٦٠ | ٪٣٠ |
| | بەشداری لە بۆنە کولتوورییە جیاوازییەکاندا دەکەیت؟ | ٢,١٢ | ٪٥٦ |
| | بە بینینی جلوبەرگی کولتوورە جیاوازەکان دڵخۆش دەبیت؟ | ٢,٥٧ | ٪٧٦,٥ |
| | حەزدەکەیت خواردنی نەریتە جیاوازەکان بخۆیت و گرینگی پێدەدەیت؟ | ٢,٥٤ | ٪٧٧ |
| | حەزدەکەیت پەیوەندی کۆمەڵایەتییت لەگەڵ کولتوورە جیاوازەکانی دیکەدا هەبێت؟ | 2.63 | ٪٨١,٥ |
| | ڕێز لە بەها کولتوورییەکانی دیکە دەگریت، وەکو( جۆری خۆشەویستی نێوانیان، تێڕوانینیان بۆ شێوازی ژیان و پەیوەندیان). | ٢,٧٦ | ٪٨٨ |
| | ڕێز لە نەریتە جیاوازەکانی دیکە دەگریت، بۆ نموونە (شێوازی هاوسەرگیریان، جل و بەرگیان). | ٢,٧٥ | ٪٨٧,٥ |

کولتــوور کاریگەریــی بەهێــزی لەســەر ژیــانی تــاك و گرووپــە جیاجیــاکانی کۆمەڵگــەی کوردســتان دا هەیــە، بەشــێوەیەك کــە کــۆی ڕێوڕەســمە کۆمەڵایەتییــەکان و بەشــێك لــە ڕێوڕەســمە ئایینیــی و نەتەوەییەکانیــش لەژێــر کاریگەریــی هەژمــوونی کولتــووورە گشــتییەکەدایە.

وەك لــە خشــتەی (٣)ــدا دەردەکەوێــت کــە ناوەنــدی ســەنگکراوی ئــەو پرســیارەی تاچەنــد بــاوەڕت بــە پێکەوەژیــانی نێــوان نەتــەوە و کولتــووورە جیــاوازەکان هەیــە؟ لــە وەڵامــدا (٢,٧٥)ــە واتــە زۆر بەهێــزە. پێکەوەژیــانی نێــوان کولتــووورە جیاجیــاکان بەقووڵــی بــوونی کرداریــی هەیــە و ڕەنگدانەوەیــەکی بەهێــزی لەژیــانی ســەقامگیریی سیاســیی و کۆمەڵایەتییــدا هەبــووە. لەپرســیارێکی تــردا؛ ئایــا بــە بینیینــی دابونەریتــی جیــاواز لــە هــی خــۆت لــە گەڕەکەکەتانــدا، هیــچ کاتێــك نیگەرانییــت بــۆ دروســتبووە، یــان جۆرێــك لــە هەراســان بوویــت؟ لــە وەڵامــدا کێــشی ئــەم پرســیارە بریتیــە لــە (٢,٤٤) واتــە بەهێــزە. ئایــا بــاوەڕت بــە کــردەی هاوســەرگیریی لەگــەڵ کەســێکدا هەیــە، کــە لــە ئایینــی خــۆت نەبێــت؟ لــە وەڵامــدا ســەنگی ئــەم پرســیارە بریتییــە لــە (١,٩٣)ــیە واتــە مامناوەنــدە، کــردەی هاوســەرگیریی لــە نێــوان بــاوەڕدارانی دوو ئایینــی جیــاواز نەبــووە بــە دیــاردە و، باوەڕێــکی بەهێزیــش بــۆ ئــەم بابەتــە بــوونی نییــە، چونکــە کولتــوور و ئایــین بەقووڵیــی لــەم بــوارەدا کاریگەرییــان هەیــە، دابونەریتــەکان پەســەندی ئــەم جــۆرە هاوســەرگیرییەیان نەکــردووە و ژینگــەی کۆمەڵایەتییــش لــەم بــوارەدا پەســەندکراو نییــە، تەنیــا لەوکاتانــە نەبێــت کــە ئافرەتەکــە بێتەســەر ئایینــی پیاوەکــە، ئەگەرنــا بەگشــتیی مانەوەیــان لەســەر بــاوەڕی دوو ئایــین قبووڵکــراوی کۆمەڵایەتیــی و کولتوورییــش نییــە، لەبەرانبــەردا ناوەنــدی ســەنگکراوی ئــەوەی کــە بــاوەڕت بــە کــردەی هاوســەرگیریی لەگــەڵ کەســێکدا هەیــە، کــە لــە نەتەوەکــەی خــۆت نەبێــت؟ لــە وەڵامــدا (٢,٠٦)ــە، واتــە مامناوەنــدە. باوەڕبــوون بەکــردەی هاوســەرگیریی لەنێــوان دوو نەتــەوە جیــاوازدا، بــەڵام هەمــان ئایــین و مەزهــەب بــن تاڕادەیــەك لــە ژینگــەی کولتووریــی و کۆمەڵایەتییــش پەســەندکراوە، ئــەوەی کــە توێــژەر تێبینــی کــردووە ئەوەیــە کــە کەمــتر ڕوودانی هاوســەرگیریی لــە نێــوان دوو نەتــەوەی یــەك ئایینــی و یــەك مەزهەبیــی دەگەڕێتــەوە بــۆ بــێ متمانەیــی کۆمەڵایەتیــی و، تــرس لــە ڕۆیشــتنی ئافرەتەکــە و بەجێهێشــتنی پیاوەکەیــە، لەلایــەکی تــرەوە ژینگــەی ئایینــی و کولتوریــی  و کۆمەڵایەتیــی بــۆ هاوســەرگیریی نێوان دوو کــەسی جیــاواز لــە ڕووی ناســنامەی نەتەوەیــی و ئایینــی پەســەندکراو نییــە ، ســەرەڕای پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــا و کرانــەوەی ســنوورەکان بــەڕووی دنیــادا، بــەڵام ئاســتی هوشــیاریی و ژینگــە کولتوورییــەکان ئــەم باوەڕەیــان تائێســتا لاپەســەندکراو نییــە.

هەروەهــا ناوەنــدی ســەنگکراوی ئــەو پرســیارەی کــە ئایــا هیــچ کەســێك لــە خێزانەکــەت هاوســەرگیریی لەگــەڵ کەسێکدا کــردووە کــە ئایینەکــەی جیــاواز بێــت؟ لــە وەڵامــدا (١,٣٩) واتــە ســەنگی ئــەم پرسیارە لاوازە. لــە هەرێمــی کوردســتان دا دروســتکردنی خێــزان لــە نێــوان دوو بــاوەڕداری ئایینــی جیــاواز کردەیەکی ئاسـان نییە و ئاریشــە و لێکەوتەی دوورخســتنەوەی کۆمەڵایەتیــی لێدەکەوێتــەوە، ئــەو کەســانەی بیانەوێــت کــردەی هاوســەرگیریی لەگــەڵ ئایینــی جیــاوازدا بکــەن، دووچــاری دابــڕانی خێزانیــی و کۆمەڵایەتیــی دەبێتــەوە و پەیوەندیــی و کارلێککردنیــی کۆمەڵایەتیــی لەگــەڵ ئــەوانی تــر (خێــزان و خزمــەکانی) لێدەکەوێتــەوە، کولتــوور و ژینگەیــی کۆمەڵایەتیــی لــەم بابەتــەدا زۆر زاڵــە و دەرفــەتی ئــەم بــوارەی بەکەمتریــن شــێوە هێشــتووەتەوە. لەبەرانبــەردا پرســیاری ئــەوەی کــە هیــچ کەســێك لــە خێزانەکــەت هاوســەرگیریی لەگــەڵ کەسێکدا کــردووە کــە لــە نەتــەوەی جیــاواز بێــت؟ لــە وەڵامــدا (١,٧٠)ــیە واتــە لاوازە. متمانــەی کۆمەڵایەتیــی و کەســیی لەنێــوان نەتــەوە جیاجیــاکان بــۆ ئــەم بابەتــە بــە لاوازی دەبیندرێــت، ئەمــەش بەشــێکی بــۆ سیســتەمی سیاســیی ڕژێمــی بەعــس دەگەڕێتــەوە کــە ئــەم بــێ متمانەیــی دروســتکردووە،

بەشـێکیش بـۆ ژینگـەی کولتووریـی و کۆمەڵایەتیـی دەگەڕێتـەوە، جگـە لـەوەش، ناوەنـدی سـەنگکراوی ئـەو پرسیارەی کـە سـەردانی شـوێنە پـیرۆزەکانی ئایینـەکانی تـرت کـردووە؟ لـە وەڵامـدا (٢،٠٧)ـە واتـە سـەنگی لاوازە. کاتێـك توێـژەر سـەردانی لالـش (شـوێنی بـاوەڕدارانی ئێزیدییـە) و سـەردانی کەنیسـەکانی هەولێـر و شـەقڵاوەی کـردووە، تێبینـی ئـەوەی کـردووە کەمتریـن بـاوەڕدارانی ئایینـی موسـڵمان دێنـە ئـەم شـوێنانە، بەپێچەوانـەوە بـۆ ئایینـەکانی تریـش هـەر درووسـتە، لەوانەیـە بەشـێکی بـۆ کەمیـی متمانـە و، بەشـێکی تـر بـۆ لاوازی ئاسـتی هوشـیاریی گەشـتیاریی ئایینـی بگەڕێتـەوە، کـە تاوەکـو ئێسـتاش ئـەم شـوێنانە نەبـوون بـە شـوێنی گەشـتیاریی ئایینیـی، لـە راسـتیدا کەمـتر ئـەم هوشـیاریی و بـاوەڕە لای ئێمـە چەکەرەیکـردووە، نەشـتوانراوە وەکـو سـەرمایەیەکی مرۆیـی و ئابووریـی مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت. هەرچەنـدە ناوەنـدی سـەنگکراوی ئـەو پرسـەی کـە سـەردانی پزیشـکێك ناکـەم ئەگـەر لـە ئایینەکـەی خـۆم جیـاواز بێـت؟ لـە وەڵامـدا (٢،٨٢)ـە، واتـە زۆر بەهێـزە، لـە بەرانبـەردا سـەردانی پزیشـکێك ناکـەم ئەگـەر لـە نەتەوەکـەی خـۆم جیـاواز بێـت؟ لـە وەڵامـدا (٢،٨٧)ـە واتـە سـەنگی ئـەم بڕگەیـە زۆر بەهێـزە. ئەمـە دەرخـەری ئـەو راسـتییەیە کـە باوەڕبـوون بـە چارەسـەری پزیشـکیی لـە لای پزیشـکەکانی تـر ( کـە بـاوەڕداری ئایینیـی و نەتـەوەی جیـاوازن) لـە ئایینـە جیـاوازەکان بەهێـزە و پشـتی پـێ دەبەسـترێت، ژینگەیـی کولتووریـی و کۆمەڵایەتییـش ئـەم بابەتـەی پەسـەندکردووە.

سـەرباری ئـەوەش سـەبارەت بـەو پرسـەی کـە ئایـا خەمبـار نابـم ئەگـەر پێـڕەوانی ئایینـەکانی تـر دووچـاری کارەسـات ببنـەوە؟ لـە وەڵامـدا (٢،٧٨) سـەنگی ئـەم پرسـیارە زۆر بەهێـزە. لـە بەرانبـەردا خەمبـار نابـم ئەگـەر پێـڕەوانی نەتـەوەکانی تـر دووچـاری کارەسـات ببنـەوە؟ لـە وەڵامـدا (٢،٨٠) واتـە سـەنگی زۆر بەهێـزە. لێـرەدا ئـەوە بـەڕوونی دەبینرێـت کـە ئایـین و نەتـەوەکانی تـر حەزناکـەن ئایـین و نەتـەوەکانی تـر تـووشی کارەسـات ببنـەوە، واتـە باوەڕبـوون و پەرۆشـیی بـۆ پێکەوەژیـانی ئایینیـی و نەتەوەیـی بەڕوونیـی دەبینرێـت.

لـە کاتێکـدا ئـەو پرسـەی کـە بـەردەوام نابـم لـە کارێکـدا، ئەگـەر بەڕێوەبەرەکـەی (سـەرۆکەکەی) لـە ئایینێـکی تـر بێـت؟ لـە وەڵامـدا (٢،٨٢)ـە واتـە زۆر بەهێـزە. لـە بەرابنەریشـدا بـەردەوام نابـم لـە کارێکـدا، ئەگـەر بەڕێوەبەرەکـەی (سـەرۆکەکەی) لـە نەتەوەیـەکی دیکـە بێـت؟ لـە وەڵامـدا (٢،٨٠)ـیە واتـە زۆر بەهێـزە. دامودەسـتگە حکوومییـەکان و لـە کـەرتی تایبەتیشـدا پێکەوەبـوون و پێکەوەکارکـردنی هەمەلایەنـە (بـاوەڕدارانی ئایـین ونەتـەوە جیاجیـاکان) دەبینرێـت و پەسەندکراویشـە، ژینگـە کولتووریـی و کۆمەڵایەتییەکـەش ئـەم بابەتـەی بەکارێکی نادروسـت نەزانیـووە، لـە کاتێکـدا سـەبارەت بـەو پرسـەی کـە ئایـا پێویسـتە ئاگاداربـم لـە هەڵسـوکەوتکردندا لەگـەڵ پێـڕەوانی ئایینـەکانی تـر، سـەنگی ئـەم پرسـیارە بریتیـە لـە (١،٥٥) واتـە لاوازە، لـە بەرانبەریشـدا پێویسـتە ئاگادارب‍م لـە هەڵسـوکەوتکردندا لەگـەڵ پێـڕەوانی نەتـەوەکانی تـر، سـەنگی ئـەم پرسـیارە بریتیـە لـە (١،٦٠) لاوازە. ئـەم دەرئەنجامـە دەمانگەیەنێتـە ئـەم بـاوەڕەی کـە لاوازیـی متمانـەی پێکەوەبـوون دەبینرێـت، بەشـێکی بـۆ سیاسـەتیی رژێمـی بەعـس دەگەڕێتـەوە، بەشـێکی تریـش بـۆ کەمیـی تێکەڵبـوونی کولتووریـی و کۆمەڵایەتیـی دەگەڕێتـەوە، ئـەو راسـتیەش هەیـە کـە لەسـەردەمی حوکمڕانیـی هەرێمـی کوردستانیشـدا ئـەم متمانەیـە کاری بـۆ گەڕانـەوە و بونیادنـانی نەکـراوە، بەتایبـەت کولتووریـی سیاسـیی و دامودەسـتگاکانی میدیـا و رێکخراوەکانیـی کۆمەڵگـەی مەدەنیـی لـەم بـوارەدا بـە راسـتینەیی کاریـان بـۆ بونیادنـان و بەهێزکـردنی ئـەم متمانـە نەکـردووە. هەروەهـا بەشـداریی لـە بۆنـە کولتوورییـە جیاوازەکانـدا دەکەیـت؟ لـە وەڵامـدا (٢،١٢)ـیە واتـە مامناوەنـدە، بەشـدارییکردن لـە بۆنـە کولتوورییـە جیاجیـانی یەکـتر لاواز دەبینرێـت، واتـە تێکەڵبوونیـی کولتووریـی بەشـێوەیەکی

بەهێـز ڕووینـەداوە، لـە بەرانبەریشـدا لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەی کـە ئایـا بەبینینـی جلوبەرگـی کولتـوورە جیـاوازەکان دڵخـۆش دەبیـت، ناوەنـدی سـەنگکراو بریتیـە لە(٢,٥٧)ــە، واتـە بەهێـزە، ئەمـە ئەوەمـان پێدەڵێـت کـە پۆشـینی جلوبەرگـی جیـاوازی کولتووریـی پەسـەندکراوە و جێـگای تێڕامانێـکی درووسـت و خۆشـحاڵییە، کـە بێگومـان کولتـوورەکان لـە بۆنـە ئایینیـی و نەتەوەیـی و کولتوورەکانـدا جلوبەرگـی جیـاواز دەپۆشـن، بەجۆرێـك ڕەنگدانـەوەی داب ونەریتەکـەی خۆیانـە.

سـەرەڕای ئـەوەش، سـەبارەت بـەو پرسـەی کـە ئاخـۆ حەزدەکەیـت خـواردنی نەریتـە جیـاوازەکان بخۆیت و گرنگیـی پێدەدەیـت؟ لـە وەڵامـدا (٢,٥٤)ــە واتـە بەهێـزە. حەزدەکەیـت پەیوەندیـی کۆمەڵایەتییـت لەگـەڵ کولتـوورە جیـاوازەکانی تـردا هەبێـت؟ لـە وەڵامـدا (٢,٦٣) واتـە زۆر بەهێـزە.

ئەگەرچیـی هـەر ناوچـە و کۆمەڵگەیـەک کولتـوور و ڕەفتـاری خوردوخۆراکـی تایبـەت بەخـۆی هەیـە، بـەڵام لـە گـوزەری ڕۆژگاردا گۆڕانـی بەسـەردا دێـت. کاتـێ خەڵـک لـە گوندەکانـەوە دێنـە شـارەکان، یـان کۆچدەکـەن گـۆڕان بەسـەر خوردوخۆراکیانـدا دێـت. زۆرجـار کۆچبـەران لـە خوردوخـۆراک وەک کەرەسـتەیەک بـۆ پاراسـتنی ناسـنامەیی کولتووریـی خۆیـان کەڵـک وەردەگـرن. بەگشـتیی خوردوخۆراکـی جیـاواز بەرهەمـی کولتووریـی جیـاوازە. جـۆری خـۆراک، شـێوازی دروسـتکردن و ڕێـگای هەڵگرتنـی لـە کۆمەڵگـە و کولتوورێکـەوە بـۆ ئەویتر جیـاوازە. هەروەهـا لـە کولتـووره جیاوازەکانـدا خواردەمەنییـەکان بایەخـی جیاوازیـان پێدەدرێـت، بـۆ نموونـە: لـە میوانـداری و بـردنی شـیرینی بـۆ لای نەخـۆش بـەڕوونی دەبینرێـت. خـۆراک لـە هەمـوو قۆناغەکانـی بەرهەمهێنـان و دروسـتکردن و بەکارهێنانیـدا لەژێـر کاریگەریـی کولتووردایـە. لـە کۆمەڵگـەی توێژینـەوە خـۆراک لـە ڕێوڕەسـم و میوانییەکانـدا گرنگـی خـۆی هەیـە. لـە هەنـدێ کولتـووردا جـۆری خـۆراک دەتوانێـت پلـە و پێگـەی کۆمەڵایەتیـی خێزانەکـە پیشـانبدات. تەنانـەت قسـەکردن و گفتوگۆیـش لەکاتـی خواردنـدا باسـێکی کولتووریيـە. زۆرێـک لـە بنەماڵـەکان باوەڕیـان وایـە کـە سـەر سـفرەی نیـوەڕۆ یـان شـێو شـوێنێکی گونجـاوە بـۆ گفتوگـۆی خێزانیـی و گفتوگـۆ لەگـەڵ خزمـان و دۆسـتاندا. خێزانـی وایـش هەیـە قسـەکردن لەسـەر سـفرەدا بـە ڕەفتارێکـی بـاش نازانێـت.

سـەبارەت بـە ناوەنـدی سـەنگکراوی ئـەو پرسـەی کـە ئاخـۆ ڕێـز لـە بەهـا کولتوورییـەکانی تـر دەگریـت، وەکـو (جـۆری خۆشەویسـتیی نێوانیـان، تێڕوانیـان بـۆ شـێوازی ژیـان و پەیوەندییـان). لـە وەڵامـدا (٢,٧٦)ــە واتـە زۆر بەهێـزە. لەبەرانبەریشـدا ڕێـز لـە نەریتـە جیـاوازەکانی تـر دەگریـت، بـۆ نموونـە (شـێوازی هاوسـەرگیرییان، جلوبەرگیـان). لـە وەڵامـدا (٢,٧٥)ــە، واتـە زۆر بەهێـزە کاتێـك دەچیتـە شـوێنە گشـتیەکانی هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆك و هەڵەبجـە تێبینیـی ئـەوە دەکەیـت کـە شـێوازی جیاوازیـی جلوبـەرگ دەبینیـت کـە هاوڵاتیـان لەبەریانکـردووە، ئەوەنـدی جێـگای سـەرنج و تێڕامـان و وردبوونەوەیـە کـە جۆرێـك لـە چێژوەرگرتـن دەبینـی لـە دیمەنەکانـدا، بۆیـە تـا ئێسـتاش شـێوازی هاوسـەرگیریی جیـاواز، جلوبەرگـی جیـاواز، (بـەڵام جلوبەرگـەکان زۆر کـراوە نەبـن، چونکـە تائێسـتاش پەسـەندکراو نییـە و بـە چاوێـکی تـر دەبینرێـن) بەهەنـد وەردەگیرێـت و بەرێـزەوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکرێـت. ئـەوەی تێبینیـمان کـردووە، تەنانـەت جلوبەرگـی مەسـیحییەکانی هەرمۆتـە، شـەقڵاوە، دیانـا، کەسـە بەتەمەنـەکانی عەنـکاوە، جـۆری جلوبەرگیـان هەمـان ئـەو جلوبەرگەیـە کـە کـوردەکان لەبەریدەکـەن، بـەڵام لـە سـنووری دهـۆك وەکـو (باختمـێ) و گەنجـەکانی عەنـکاوەی هەولێـر ئـەو جلوبەرگانـە دەپۆشـن کـە نوێـن و بەشـێکە لـەو گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتیـی و کولتوورییـەی کـە هەمـوو دنیـای گرتووەتـەوە.

لـە ڕێککەوتننامـەی پاراسـتن و پتەوکـردنی هەمەڕەنگیـی شـێوازەکانی دەربڕینـی کولتووریـی و ڕۆشـنبیریی سـاڵی

٢٠٠٥دا لە کۆنگرەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کولتووریی (یونسکۆ) لە خولی ٣٣دا لە پاریس پەسەندکراوە، هەر لە دەستپێکی ڕێکەوتننامەکەدا جەخت لەسەر پاراستن و ڕێزگرتن لە فرە کولتووریی کراوەتەوە، هەروەها لە ئامانجەکانیدا هاتووە کە پاراستن و پتەوکردنی هەمەڕەنگیی شێوازەکانی کولتووریی و ڕۆشنبیریی جەختی لێدەکرێتەوە، هەروەها بەرجەستەکردنی بارودۆخ بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کولتوورەکان و بواره ڕۆشنبیرییەکان بەشێوەیەك کە یەکتر دەوڵەمەند بکەن و هاوکاربن. (نازناز محەمەد) مامۆستای زانکۆ پێیوایە کۆمەڵگەی کوردستان بەشێوە سرووشتییەکە و نەریتییەکە، کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووره، بەڵام هەمشە دیوارێکی مەعنەویی لە نێوان پێکهاتەکان بووە و هاوکات دەرگای چوونە ژوورەوەش لە نێو دیوارەکان هەبووە. زیاتر پێکهاتەکان لە (تەنیشت) یەکتر ژیاون، نەك (پێکەوە)، بەڵام لە ئاشتیی و ئارامیی لە تەنیشت یەکتر ژیاون. پێکهاتەکان جیاوازن لە ئاستی جۆری هەستیاریی مامەڵەکردن، بۆ نموونە لەگەڵ باوەڕدارانی ئایینە ئاسمانییەکان جیاوازن لە باوەڕدارانی ئایینە نائاسمانییەکان. لەگەڵ کریستییان نەرمتر مامەڵەکراوە تاوەکو لەگەڵ ئێزیدیی. هەروەها پێیوایە زانکۆ دەتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت لە چەسپاندنی بڵاوکردنەوەی ناسیین و ڕێزگرتن لە فرەکولتووریی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی زانکۆکان نەیانتوانیووە ببن بە (سەنتەری لێکۆڵینەوە)، نەیانتوانیووە لە ڕێگەی پرۆگرام و وانەوتنەوە و وۆرکشۆپ و کۆنفرانس و ... بۆ گۆڕانکاریی ئامادە بکرێن(محەمەد، PI، ٢٠٢١).

## چوارەم: کاریگەریی پرسە پەروەردەییەکان لەسەر فرەکولتووریی

خشتەی (٤) کاریگەریی پەروەردە لەسەر فرەکولتووریی دەخاتەڕوو

| ڕەهەند | پرسیار | ناوەندی سەنگکراو | ئاستی کاریگەری |
|---|---|---|---|
| پرسە پەروەردەییەکان | ئایا لە ناو کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردەدا، پێکەوەژیانیی ئایینی ڕەنگیداوەتەوە(باس کراوە)؟ | 2.11 | ٪٥٥,٥ |
| | ئایا لە ناو کتێبەکانی پرۆگرامی پەروەردەدا، پێکەوە ژیانیی نەتەوەیی ڕەنگیداوەتەوە؟ | ٢,٠٨ | ٪٥٤ |
| | لە قوتابخانە، زانکۆ، یان لە کاتی کارکردندا لەگەڵ کەسانی بڕواداری ئایینی جیاوازدا بوویت؟ | 2.44 | ٪٧٢ |
| | ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)ـیە، لە پەیوەندیی لەگەڵیدا ئاسوودە و خۆشحاڵبووییت؟ | ٢,٨٦ | ٪٩٣ |
| | لە قوتابخانە، زانکۆ، یان لەکاتی کارکردندا لەگەڵ کەسانی نەتەوەکانی دیکەدا بوویت؟ | ٢,٤٤ | ٪٧٢ |
| | ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)یە، لە پەیوەندیی لەگەڵیدا ئاسوودە و خۆشحاڵبووییت؟ | ٢,٨٣ | ٪٩١,٥ |

سیستەمی پەروەردە، وەك سێکتەرێکی گرنگی کۆمەڵگە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی، ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ تاك و پێگەیاندن و هزر و ڕەفتاری تاك لە هەموو ڕوویەکەوە دەکات. پەروەردە؛ بۆ تاك پرۆسەیەکی گرنگە، چونکە هەر لە منداڵییەوە لەسەر ڕێگەکانی ژیان ڕایدەهێنێت؛ هەروەك چۆن تواناداریی بۆ مانەوە و پارێزگارییکردن لە خۆی و پاراستنی ئامانجەکانی ژیانی دەکات.

وەك لە خشتەی (٤) دەردەکەوێت، کە ناوەندی سەنگکراوی ئەو پرسەی ئایا لە ناو کتێبەکانی پرۆگرامی

پـەروەردەدا، پێكەوەژیـانی ئایینیـی رەنگیداوەتـەوە (باسـكراوە)؟ لـە وەڵامـدا سـەنگی ئـەم پرسـیارە بریتیـە لـە (٢,١١) و ماماناوەنـدە، لەبەرانبەریشـدا ئایـا لـە نـاو كتێبـەكانی پرۆگرامـی پـەروەردەدا، پێكەوەژیانیـی نەتەوەیـی رەنگیداوەتـەوە؟ لـە وەڵامـدا سـەنگی ئـەم پرسـیارە بریتیـە لـە (٢,٠٨) واتـە ماماناوەنـدە. سیسـتەمی پـەروەردە بـە یەكێـك لـە هـۆكارە سـەرەكییەكانی پرۆسـەی گەشەسـەندنی پێكەوەژیانیـی ئایینیـی و نەتەوەیـی دادەنرێـت، بـەڵام ئاریشـە جگـە لـە دارشـتنی پرۆگرامـەكان بەجۆرێـك كـە تاكێـك پـەروەردە بـكات كـە بـاوەڕی بـە فرەكولتووریـی هەبێـت، قورسـتر لەمـە پێویسـتە مامۆسـتا بـاوەڕی تـەواوی بـەم پرۆگرامـە هەبێـت و، سـاڵانە زانیاریـی نـوێ و تەكنیكیـی فێركـردن و گەیانـدنی جیـاواز فێربكرێـت، ئەمـە جگـە لـە كۆشـشی مامۆسـتا خـۆی، كـە بەپێـی ئـەم دەرئەنجامـە بێـت كاریگەرییـەكان بـە بەهێـزی دەرنەكەوتـوون. لـە كاتێكـدا ئـەو پرسـەی كـە ئاخـۆ لـە قوتابخانـە، زانكـۆ، یـان لـە كاتی كاركردنـدا لەگـەڵ كەسـانی بـڕواداری ئایینیـی جیـاوازدا بوویـت؟ ئەنجامـە ئامارییەكـەی بریتیـە لـە (٢,٤٤) واتـە بەهێـزە، لەهەمانكاتـدا ئەگـەر وەڵامەكـەت (بەڵێ)یـە، لـە پەیوەندیـی لەگەڵیـدا ئاسـوودە و خۆشـحاڵبوویت؟ لەوەڵامـدا (٢,٨٦) واتـە زۆر بەهێـزە. هەروەهـا ناوەنـدی سـەنگكراوی لـە قوتابخانـە، زانكـۆ، یـان لەكاتی كاركردنـدا لەگـەڵ كەسـانی نەتـەوەكانی تـردا بوویـت؟ لـە وەڵامـدا كێـشی ئـەم پرسـیارە بریتیـە لـە (٢,٤٤) واتـە بەهێـزە، بـەڵام ئەوانـەی كـە لەگەڵیانـدا پێكەوەبـوون ئەگـەر وەڵامەكـەت (بەڵێ)یـە، لـە پەیوەنـدی لەگەڵیـدا ئاسـوودە و خۆشـحاڵبوویت؟ لـە وەڵامـدا (٢,٨٣) سـەنگی ئـەم پرسـیارە زۆر بەهێـزە.

بـە پێچەوانـەی ئـەم ئەنجامانـەوە؛ دكتـۆر كامـەران فەیـلی دەڵـێ: هەرێمـی كوردسـتان لـە رووی پەروەردەییـەوە هێشـتا نەیتوانیـووە ببێتـە خـاوەن فەلسـەفەیەكی پەروەردەیـی تایبـەت بـە خـۆی، زۆرتـر دووبارەكردنـەوەی سیسـتەمی كـۆن لەگـەڵ تێكەڵكێشـكردنی سیسـتەمی نوێـی چەندیـن وڵاتـی تـرە، كـە رەنگـە رەنگدانـەوەی كۆمەڵگەی كوردسـتانی كەمـتر تێـدا بەدیدەكرێـت.

كارامەیـی و بەهـا كۆمەڵایەتییـەكان (كتێبـی كارامەیـی و بەهـا كۆمەڵایەتییـەكان، پـۆل: یەكەمـی بنەڕەتیـی، سـاڵی چـاپ ٢٠١٩)، ناونیشـانی بابەتێكـی نوێـی خوێندنـە كـە لـە پۆلـی یەكەمـی بنەڕەتیـی تـا نۆیەمـی بنەڕەتیـی، بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەشـێوەی ئەزموونكارییـی لـە چەنـد قوتابخانەیەكـی هەرێمـی كوردسـتان دا خوێنـدراوە و لەسـاڵی (٢٠٢١-٢٠٢٢)بـووە بـە پرۆگرامـی خوێنـدن لە هەمـوو قوتابخانـەكان. ئامانـج لـە دانانـی ئـەم وانەیـە، وەك بەشـێك لـە میتۆدەكانـی خوێنـدن، ئاشـناكردنی منداڵانـە بـە لێهاتوویـی و ئـەو بەهـا كۆمەڵایەتیـی و مرۆیـی و نیشـتمانییانەی كـە دەبـێ لـە سـەرەتاوە منـداڵان فێربكرێـن.

بـۆ ئـەوەی بەهـاكان ببنـە بەشـێك لـە پێگـەی كەسـێتیی و پەروەردەییـان لـە داهاتـوودا. لـەو روانگەیەشـەوە لـە كتێبـی پۆلـی یەكەمـی بنەڕەتییـدا چەنـد چەمـك و زاراوەیـەك خراونەتـەڕوو، بـۆ ئـەوەی لـە قوتابخانەكانـدا بـە رێنوێنـی مامۆسـتایان، قوتابیـان فێربكرێـن. بێگومـان پۆلـی یەكەمـی بنەڕەتیـی، سـەرەتا و دەسـتپێكی منداڵـە بـە ئاشـنابوونی بـە قوتابخانـە، بـۆ نموونـە: قوتابـی پۆلـی یەكەمـی بنەڕەتیـی، نووسـین نازانـێ، تـا كۆتایـی سـاڵ ئەوكاتـە ئاشـنای هەمـوو پیتـەكان دەبێـت، كەواتـە چـۆن دەكرێـت كتێبێكـی بـۆ دابنێیـن و داوای لێبكەیـن وەڵامـی پرسـیار بداتـەوە؟ كارامەیـی و بەهـا كۆمەڵایەتییـەكان بەپێـی تەمـەن و تێگەیشـتنی منـداڵ دەگۆڕێـت. دەكـرێ ئێمـە منداڵێكـی پۆلـی یـەك فێـری ژینگەپارێزیـی بكەین(لەرێگـەی وێنەكانـەوە)، بـەڵام ئەسـتەمە بتوانیـن فێـری چەمكـی هاووڵاتیبـوون، نیشـتمانپەروەریی و لانەدانـی یاسـایی بكەیـن.

لەلاپـەڕەی ٣٧ نـووسراوە: (سریـان- ئەرمـەن- توركـمان). قوتابـی پۆلـی یەكەمـی بنەڕەتیـی زۆر ئەسـتەمە بـەم

پرۆگرامـە بتوانـین بـیری پێكەوەژیانیـی ئایینیـی و نەتەوەیـی تێـدا چەكـەرە بكەیـن، لەبەرانبـەردا پێویسـت بـوو چـۆن هەمومـان یەكترمـان خـۆش بووێـت و كاری پێكەوەیـی چـۆن بكەیـن ڕەنگیبدایەتـەوە.

## ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاز

## یەكەم: ئەنجامەكان

بەپێـی ئـەم دەرئەنجامانـە بێـت، ناسـنامەی ئایینیـی بـە پلـەی یەكـەم و نەتەوەیـی بـە پلـەی دووەم، بەقووڵـی كاریگەریـی لەسـەر تاكـەكانی ئـەم كۆمەڵگەیـە هەیـە، بەجۆرێـك باوەڕبـوونی ئایینیـی و سرووت و ڕێوڕەسـمەكان كاریگەریـی بەهێـزی لەسـەر مرۆڤـەكان هەیـە لـە بەشـدارییكردن و بـاوەڕدا. لەلایـەكی تـرەوە شـانازییكردن بـە ناسـنامەی نەتەوەیـی تـا ئێسـتاش بـە بەهێزیـی دەبیندرێـت. بەپێـی تیۆرەكـەی (هۆبزبـاوم) ناسـنامەی نەتەوەیـی؛ هاوبەندیـی و سـازانی بەكۆمـەڵ دێنێتەكایـەوە و، داهێنـان و جەژنـە نیشـتیمانییەكان شـانازیی پێوەدەكرێـت، ئـەم دەرئەنجامـەش لەگـەڵ ئـەم تیـۆرەدا گونجـاوە.

بەپێیـی ئەنجامـە بەدەسـتهاتووەكان؛ كەمكردنـەوەی گەندەڵیـی دارایـی و كارگێڕیـی و بەرجەسـتەكردنی دادپەروەریـی كۆمەڵایەتییـان، بـە زۆرتریـن هـۆكار دەزانرێـت بـۆ دروسـتبوونی ناسـنامەی نیشـتیمانیی. بەپێـی تیۆرەكـەی (هۆبزبـاوم) زۆر جـار گرووپێـك لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی ئابووریـی و سیاسـیی دا بنەمـا نیشـتیمانییەكان قـۆرخ دەكات و، بـۆ بەردەوامبـوونی خـۆی بەكاریدەهێنێـت، لێـرەدا ئـەم تیـۆرە هاوبەشـیی لەگـەڵ ئـەم دەرئەنجامـە درووسـتكردووە.

بوونـی زمانێـكی یەكگرتـوو لـە كوردسـتان دا، بـە هۆكارێـكی بەهێـز نابینرێـت، بـۆ نەمـانی جیاوازییـە ئایینـی و نەتەوەییـەكان، بـەڵام ویسـتی بـوون و چەسـپاندنی زمانێـكی یەكگرتـوو لـە كوردسـتان دا بـە بەهێزیـی دەزانرێـت، بـە یەكێـك لـە هـۆكارە گرنگـەكانی بنیادنـانی ناسـنامەی نیشـتیمانییش دەزانرێـت. بەپێـی تیۆرەكـەی (ئەندرسـۆن)، زمـان لای تاكـەكانی كۆمەڵگـە ئـارەزووی یەكێتیـی زیاتـری هێناوەتـە ئـاراوە، كـە ئـەو ناویدەنێـت ئاگایـی نیشـتیمانیی، ئـەم تیـۆرە ڕێـك هاوشـانە لەگـەڵ ئـەم دەرئەنجامـەی كـە زمانێـكی یەكگرتـوو بـە هۆكارێـكی گرنگـی بونیادنـانی ناسـنامەی نیشـتیمانیی دادەنێـت.

بەشـداربووانی ئـەم توێژینەوەیـە، بـە ڕێژەیـەكی یەكجـار زۆر نیگەرانـن سـەبارەت بـە قەڵاچۆلكـردنی (لەناوبـردنی) ئێزیدییـەكان لەلایـەن تیرۆریسـتانی داعشـەوە. هەروەهـا لەبـارەی ئـەوەی، كـە ئایـا كارەسـاتی شـنگاڵ چ كاریگەرییـەكی لەسـەرت هەبـوو؟ لـە ٩١،٢٪ی بەشـداربووان بـە (نیگەرانبـووم) وەڵامیانداوەتـەوە.

باوەڕبـوون بـە پێكەوەژیانیـی نێـوان نەتـەوە و كولتـوورە جیـاوازەكان بـە بەهێزیـی دەبینرێـت، بـەڵام باوەڕبـوون بـە كـردەی هاوسـەرگیریی لەگـەڵ كەسـێكدا كـە لـە هەمـان ئایینـدا نەبێـت، بـە بەهێزیـی نابینرێـت و، تەنانـەت ئەنجامـدانی كـردەی هاوسـەرگیریی لەنێـوان بـاوەڕدارانی ئایینـە جیـاوازەكان زۆرلاوازە. كـردەی هاوسـەرگیریی لـە نێـوان بـاوەڕدارانی دوو ئایینـی جیـاواز نەبووەتـە دیـاردە و باوەڕێـكی بەهێزیـش بـۆ ئـەم بابەتـە بـوونی نییـە، چونكـە كولتـوور و ئایـین بەقووڵیـی لـەم بـوارەدا كاریگەرییـان هەیـە. تەنانـەت كـردەی هاوسـەرگیریی لەنێـوان نەتـەوە جیاوازەكانیـش بەهێـز نییـە.

سـەردانی بـاوەڕدارە ئایینـە جیـاوازەكان بـۆ شـوێنە پـیرۆزەكانی ئایینـەكانی تـر زۆر لاوازە، بـەڵام باوەڕبـوون بەسـەردانییكردنی پزیشـك، ئەگـەر لـە ئایـین و نەتـەوەی جیـاواز بێـت بـە بەهێزیـی دەبینرێـت. هەروەهـا

باوەڕبــوون بــە ئەنجامــدانی کارکــردن لــە دامودەســتگایەك کــە بەڕێوەبەرەکــەی لــە ئایــن یــان نەتەوەیــەکی تــر بێــت پەســەندکراوە و بــە بەهێزیــی دەبینرێــت.

بـاوەڕدارانی ئایـن و نەتـەوەکانی تـر، حەزناکـەن ئایـن و نەتـەوەکانی تـر تـووشی کارەسـات ببنـەوە، واتـە باوەڕبـوون و پەرۆشـیی بـۆ پێکەوەژیـانی ئایینیـی و نەتەوەیـی بـەڕوونی دەبینرێـت. بـەڵام باوەڕبـوون بـەوەی کـە ئاگاداربـن لــە هەڵســوکەوتکردندا لەگــەڵ پێــڕەوانی ئایــن ونەتــەوەکانی تــر بەهێــزە، هەروەهــا بەشــدارییکردن لــە بۆنــە و کولتــووره جیــاوازەکان بەهێــزە و، بینینــی جلوبەرگــی کولتــووره جیــاوازەکان و حەزکــردن بەخــواردنی کولتــووره جیاجیــاکان، دڵخۆشــیی بــۆ هەمــووان بەرجەســتە دەکات.

باوەڕبــوون بــەوەی کــە لــە نــاو پرۆگرامــی پــەروەردەدا، پێکەوەژیانیــی ئایینــی و نەتەوەیــی ڕەنگیداوەتــەوە لاواز دەبینرێـت، لـە کاتێکـدا ئـەو پرسـەی کـە ئاخـۆ لـە قوتابخانـە، زانکـۆ، یـان لـە کاتی کارکردنـدا لەگـەڵ کەسـانی بـڕواداری ئایینیــی و نەتەوەیــی جیــاوازدا بوویــت؟ ئەنجامــە ئامارییەکــەی بەهێــزە، لەهەمانکاتــدا ئەگــەر وەڵامەکــەت (بەڵێ)یــە، لــە پەیوەندیــی لەگەڵیــدا ئاســوودە و خۆشــحاڵبوویت؟ لەوەڵامــدا زۆر بەهێــز و خۆشــحاڵن. بەپێــی تیۆرەکــەی (هۆبزبــاوم) یەکێــك لــە نموونــەی نەریتــە داهێــنراوەکان؛ بریتیــە لــە گەشەســەندنی فێرکــردنی ســەرەتایی، کــە بنەمــای بونیادنــان و پێگەیانــدنی تاکــە، ئــەم دەرئەنجامــەش لەگــەڵ ئــەم تیــۆرە بــە هاوبەشــیی دێتــەوە.

دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیاز:

ئینتیــما بــۆ نیشــتیمان و نەتــەوە کاتێــك زیاتــر بەرجەســتەدەبێت، کــە دادپەروەریــی کۆمەڵایەتیــی و هەنگاونــان بـۆ بنبڕکـردنی گەندەڵیـی بـە بەهێـزی ببینرێـت، بۆیـە گرنگـە دامودەسـتگاکانی حکوومـەت بـە گرنگییـەوە لەسـەر ئـەم بابەتـە کاربکـەن.

بایەخـدان بـە زمانێـکی یەکگرتـوو و نیشـتیمانیی گرنـگ و پێویسـتە، بۆیـە لـەم بـوارەدا پێویسـتە دامودەسـتگا بـاڵاکانی نیشـتیمان هەنـگاوی کرداریـی بنێـن.

دامودەســتگاکانی حکوومــەت، ڕێکخــراوەکانی کۆمەڵگــەی مەدەنیــی، دامودەســتگا ئایینیــەکان، پــەروەردە و میدیــا پێویسـتە بـە میکانیزمێـکی قووڵـەوە، کار لەسـەر پێکەوەژیـانی کولتووریـی و ئایینیـی و نەتەوەیـی بکـەن، بەجۆرێـك ڕەنگدانــەوەی لەســەر تــاك و کۆمەڵگــە هەبێــت.

پاراسـتن و بەرجەسـتەکردنی مـافی پێکهاتـە جیاجیـاکان و پارێـزگاری لـە کولتـووره جیاجیـاکان ئـەرکی دامودەسـتگها نیشـتیمانییەکانە، لـەم بـوارەدا پێویسـتە توێژینـەوەی زیاتـر بکریـت.

# علاقة التعددية الثقافية بالهوية
# بحث ميدانى فى اقليم  كردستان


## الملخص

المجتمع المتعدد الثقافة مكون من العديد من الثقافات والاديان المختلفة وهذه سمة من سمات المجتمعات المتحضرة التي تكون على درجة عالية من التطور والتقدم والتي نستطيع أن نرى فيها بشكل واضح حرية احترام الممارسات الثقافية والعرقية القائمة على دعم مبدأ المساواة وتقبل الآخر بغض النظر عن الاختلافات الدينة والعرقية والانتماءات والتوجهات السياسية مع ضمان الكرامة والتسامح لكل فرد منهم وذلك يتحقق بجعل الهوية الوطنية هو الأساس لتوحيد جميع مكونات المجتمع . وكمثال لما سبق ذكره مانراه في كردستان وبما يحتضن من ديانات واعراق وثقافات مختلفة ممن لديهم تاريخ عميق في التعايش، على الرغم مما تعرض له عبر تاريخه الطويل من مشكلات وازمات بسبب هذا الاختلاف، الأمر الذي جعل من المهم زيادة وترسيخ الوعي ونشر ثقافة التعايش السلمي والجمال الباهر الكامن في تنوع الثقافات في كوردستان.

ان الهدف الرئيسي من البحث هو محاولة إبراز الحاجة الملحة لمبدأ الهوية الوطنية من خلال معرفة وتحديد نوع ومستوى العلاقات التي تربط أبناء المجتمع ومناقشتها لضمان تحقيق الهدف. وقد أظهرت نتائج البحث ان الهوية الدينية هي المؤثر الأول والاعمق  على المجتمع ومن هنا ظهرت اهمية جعل الهوية الوطنية كأساس يتوحد فيه كل مكونات المجتمع في ظل السعي الدائم لتحقيق العدالة الاجتماعية والقضاء على الفساد الإداري والمالي، واعتبارالهوية الوطنية هي اللغة الموحدة في كردستان خاصة بعد ماعانته الاقليات العرقية  من ممارسات إجرامية من قبل التنظيمات الإرهابية ومااقترفته بحقهم من مجازر إبادة جماعية ضد المكون الايزيدي تحت غطاء  التدين مما يجعل التركيز على نشر الوعي بأهمية التعايش السلمي والتأكيد على ثقافة الاختلاط المجتمعي مهمة جدا خاصة في ظل الخطوات التي تم اتخاذها لهذا اليوم, لكن الاختلاط الثقافي لايرتقي إلى المستوى المطلوب. في هذا البحث تم استخدام طريقة المزج وطريقة التحليل التسلسلي والطريقة المختلطة حيث أظهرت النتائج ومن خلال جودة البيانات انها تدعم التحليل الكمي للبيانات.

# The Relationship of Multiculturalism to Identity
# Research of Field in Kurdistan Region


## Abstract

A multicultural society is being made up of many different cultures, religions and forces, a feature of civilized societies that are at a high degree of development and progress, and in which we can clearly see the freedom to respect cultural and ethnic practices based on supporting the principle of equality and acceptance of the others regardless of their religion, knowledge, affiliation and orientation which is achieved by making the national identity, the umbrella that unites all the components of society. As previously mentioned what we see in Kurdistan is obvious example, which embraces different religions, races and cultures who has a deep history of coexistence despite obstructs and problems they have faced throughout their long history together. Therefore, it is important to increase and develop consolidate awareness and spread the culture of peaceful coexistence in Kurdistan and their brilliant beauty inherent in the culture diversity.

The objectives of this research is to highlight the urgent needs for the principle of national identity by knowing and defining the types and levels of relations that bind the members of society and discussing them to ensure achieve their goals. The results of this research showed that religious identity is the first and deepest influence on society, hence the importance of making national identity as a basis in which all components of society are united in light of the constant pursuit of social justice, the elimination of administrative, financial corruption and considering the national identity as the unifying language in Kurdistan. Participants of this research concerned about genocides and crimes conducted against minorities especially Yazidi's components by the terrorist groups of ISIS, therefore this bitter situations again highlighted the important of spread awareness in order to maintain peaceful coexistence and culture interaction, culture mixing up to now has not raised to the desired level required. In this research, the blending method, the triangulation analysis method and the mixed method have used. The results showed that, through the quality of the information, which supports the quantitative analysis of the data.


Keywords: Multiculturalism, Identity, Nationality Identity, Coexistence, Social Cohesion.

## سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردیی:


فۆکۆیاما، فرانسیس(٢٠١٩)، ناسنامە- داواکارییەکانی شکۆ و سیاسەتی نیگەرانی. و:دڵشاد میران، گۆڤاری گوڵان.

سەرچاوە عەرەبیی:

هول، ستيوارت(٢٠٠٨)، حول الهويه الثقافية، مجلة اضافات، العدد الثاني، بيروت.

بندكت، أندرسون(٢٠٠٩)، الجماعات المتخيلة: تأملات في أصل القومية وانتشارها، ترجمة: ثائر ديب، بيروت، شركة

قد مس.
کالفى، لويس جان(٢٠٠٨) ، حرب اللغات والسياسات اللغويه، ترجمه: د.حسن حمزه، بيروت.
تقريـر اليونسـكو العالمـى(٢٠١٠)، (الاسـتپمار فى التنوعالپقـافى والحـوار بـين الپقافـات)، منظمـه الامـم المتحـده للتربيـه والعلـوم الپقافـه، منشـورات اليونسـكو، ٢١.)
سابیر، کامیار(٢٠٠٩)، لینگوا فرانکای کوردی، زمانی ستاندەر د و فەرمی، چاپخانەی ڕەنج،
محمەد، مەسعوود(٢٠١٠)، زمانی کوردی، و:حەکیم کاکە وەیس، چ١ـ چاپخانەی شڤان، سلێمانی،
كوش، دونى(٢٠٠٢)، الپقافه فى العلومالاجتماعيه، ترجمه:د.قاسم المقداد، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
هوبزباوم، اريك(١٩٩٩)، الامم والنزعه القوميه، ترجمه: عدنان حسن، ط١، (بيروت ودمشق).
سەرچاوەی ئینگلیزیی:
Benhabib, S. (2002). The claims of culture: equality and diversity in the global era, Princeton University press.
Benhabib, S. (2011). Dignity and adversity-human rights in troubled times, polity press.
Blaikie, W. H. Norman (1991). A critique of the use of triangulation in social research. Quality and Quantity, victoria University of Technology, volume 25, issue 1, Australia.
Holland, D. et.al (1998). Identity and agency in Cultural H Harvard University press.
Jacobson, J. (1998). Islam in Tradition: Religion and Identity among British Pakistani Youth, London. Rutledge.
Jenkins, R. (1996). Social Identity. London. Rutledge.
Mead, J. (1964). On social F Selected papers. Chicago: University of Chicago press.
Shwani, D. L. (2021). The Importance of Triangulation Methodology in Sociology, Qalaai Zanist journal,VoL.6 No.2,2021
Tajfel, H. (1976). Differentiation Between Social Groups: Studies in the Social Psychology of Intergroup Relations, London. Academic press.
kymlicka, W. (2002) contemporary political philosophy: An introduction, oxford university press.

## ماڵپەر:

(٤٣٢٧٧) قوتـابی لـە زانکـۆ و پەیمانگـەکان وەرگـیراون. ١٢-١٠-٢٠٢١ . ماڵپـەڕی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی.
https://gov.krd/mohe/activities/news-and-press-releases/2021/october/

## چاوپێکەوتنی تایبەت (Personal interview):

کوردستان موکریانی، مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن (٢٥-٧-٢٠٢١).

کامەران فەیلی، مامۆستای زانکۆ، چاوپێکەوتن(٢٠-٥-٢٠٢١).

یوسف عوسمان، شارەزایی بواری پەروەردەیی، چاوپێکەوتن (٢٣-٣-٢٠٢١).

عەتا قەرەداخی، نووسەر و رۆشنبیر، چاوپێکەوتن(٢٠-٣-٢٠٢١).

توێژەرێك كە نەویست ناوی بنووسم(ع.ص)، چاوپێكەوتن (٢٠-٢-٢٠٢١).

مینواس جەمال ڕەشید، شارەزا لە بواری زمانناسیی دا، چاوپێکەوتن (١٠-٩-٢٠٢١).

دکتۆر ناصر فکوهی، ئەنترۆپۆلۆژییزانی ئێرانیی، چاوپێکەوتن (٢٠-١-٢٠٢١).

ئەمیر عوسمان بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان لە وەزارەتی ئەوقاف، چاوپێکەوتن، (٢٠-٢١-٢٠٢٠).

ئیحسان ئامێدی، نووسەر و رۆشنبیر، چاوپێکەوتن(٢٥-٤-٢٠٢١).

نازناز محمد مەلا قادر، مامۆستای زانکۆ و توێژەر، (٢٧-٧-٢٠٢١).

ئەمە هەڵهێنجراوی نامەی دکتۆراکەمە بە ناونیشانی (فرەکولتووریی و پەیوەندیی بە ناسنامەوە: توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان).